# دەروازەیەک بۆ
# زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی

ئامادەکردنی
پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی

هەولێر- کوردستان
٢٠٢٦

ناوی کتێب: دەروازەیەک بۆ زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی
ناوی نووسەر: پ.ی.د. چیایی کەمال سەعدی
بابەت : هونەری- موزیک
چاپخانە : هێڤی
تیراژ : ٥٠٠ دانە
دیزاینی بەرگ: م.ی.عادل زرار
نۆرەی چاپ: یەکەم
ژمارەی سپاردن ( ٢٥٧ ) ساڵی ٢٠٢٦ی بۆ دانراوە
نرخ: ٥٠٠٠

# پێشەکی

ئێتنۆموزیکۆلۆجی بوارێکی مۆدێرنی زانیارییە کە موزیك، مرۆڤناسی و توێژینەوەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی تێکەڵ دەکات. ئامانجی ئەم بوارە خوێندنی موزیکە وەک دیاردەیەکی مرۆیی و کەلتووریی کە ناتوانرێت لێی تێبگەین جیا لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی، مێژوویی و کەلتووری کە تێیدا سەریهەڵداوە. لەم بوارەدا موزیك تەنها وەک دەنگێکی ڕێکخراو سەیر ناکرێت. بەڵکو زمانێکی نازارەکییە کە شوناسی تاک و گرووپ دەردەبڕێت، یادەوەری کەلتووری دەپارێزێت و لەگشت کارە کۆمەڵایەتیەکانی کۆمەڵگا ڕەنگدەداتەوە. لەم ڕوانگەیەوە، ئێتنۆموزیکۆلۆجی وەک پردێک خزمەت دەکات لە نێوان دەنگ و کەلتوور، و لەنێوان نمایشی موزیك و ناسنامەی کۆمەلایەتی.

بنچینەی ئەم بوارە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتایی سەدەی ١٩ و سەرەتای سەدەی ٢٠، لە قۆناغی بەراوردکاری موزیکدا، کە توێژەران تەرکیز دەکەنە سەر خوێندنی موزیکی غەیرە ئەورووپی لە ڕێگەی تۆمارکردنی دەنگ و شیکردنەوەیان. ئەم قۆناغە بە بناغەی مێژوویی ئیتنۆموزیکۆلۆجی دادەنرا ، کە دواتر بووە هۆی پەرەپێدانی ڕێبازێکی گشتگیرتر . لەگەڵ سەرهەڵدانی قوتابخانەی مرۆڤناسی، بوارەکە گۆڕا بۆ خوێندنی موزیك وەک ڕەفتارێکی کەلتووری، و توێژەران پشتیان بە کاری مەیدانی، چاودێری، بەشداری و چاوپێکەوتن بەست بۆ تێگەیشتن لە نواندنی موزیك لە چوارچێوەی سروشتییدا. لەنێو دیارترین تیۆریزانی ئەم بوارەدا (برۆنۆ نێتل و ئالان مێریام و مانتل هود) هەن کە بەشدارییان کردوە لە گەشەپێدانی شێوازی تیۆری و میتۆدی بۆ تێگەیشتن لە موزیك لەناو کەلتووردا.

خوێندنی ئێتنۆموزیکۆلۆجی ژمارەیەک بواری جۆراوجۆر دەگرێتەوە، لەوانە موزیکی فۆلکلۆر، گۆرانی زارەکی و ئامێرە نەریتییەکان، موزیکی ئایینی و موزیکی شارستانی، سەرەڕای لێکۆڵینەوە لە پەیوەندی نێوان موزیك و ناسنامەی کەلتووری، نەتەوەیی و ڕەگەزی، هەروەها کاریگەری جیهانگیری، کۆچبەری، و تەکنەلۆژیای مۆدێرن لەسەر شێوازەکانی موزیك. هەروەها تیشک دەخاتە سەر لێکۆڵینەوە لە کارە کۆمەڵایەتیەکانی موزیك، وەک ڕۆڵی دەربڕین، پەیوەندی، پەروەردەیی و ڕێکخراوەیی، و پەیوەندی موزیك بە نەریتەکانی کۆمەڵایەتی، ئاهەنگەکان، کار، گۆرانی وتنی بەکۆمەڵ و پاراستنی کەلەپوور.

ئێتنۆموزیکۆلۆجی گرنگییەکی زۆر بە شێوازی کاری مەیدانی دەدات، کە بناغەی کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتایە بە شێوەیەکی واقیعیانە. ئەم شێوازە چەند قۆناغێک لەخۆ دەگرێت، کە بە ئامادەکاری سەرەتایی دەست پێدەکات، بەردەوام دەبێت بۆ نقووم بوون لە مەیدانەکە و کۆکردنەوەی داتا لە ڕێگەی چاودێری بەشدارنەبووان و بەشداربووەکانەوە، کەبە شیکردنەوەی ڕەخنەگرانەی دەرەنجامەکان کۆتایی دێت. لەم چوارچێوەیەدا، توێژەران پشت بە تایبەتمەندی پیشەیی دەبەستن وەک ئارامگری، نەرمی، هەستیاری کەلتووری، و توانای پەیوەندی کردن لەگەڵ کۆمەڵگەی خۆجێی، لەگەڵ پابەندبوون بە پێوەرە ئەخلاقییەکان و ڕێزگرتن لە بەها نەریتەکان .

ئەم بوارە زانستییە بە تێپەڕبوونی کات پەرەسەندنی بەردەوامی بەخۆیەوە بینیوە، لە موزیکی بەراوردکارییەوە تا قوتابخانەی مرۆڤناسی و لەوێشەوە بەرەو ئاراستەی هاوچەرخ کە جەخت دەکاتە سەر ناسنامە و جیهانگیری، کۆچبەری، موزیکی دیجیتاڵی و موزیك وەک ئامرازێک بۆ پەیوەندی کولتووری و نوێنەرایەتی کۆمەڵایەتی. ئەم بەرەوپێشچوونە ڕێگە بە توێژەران دەدات لە موزیك تێبگەن نەک تەنها وەک بەرهەمێکی هونەری بەڵکو وەک بەشێک لە پێکهاتەی کەلتووری و کۆمەڵایەتی کۆمەڵگا.

بە پێی ئەوەی سەرەوە دەتوانین بڵێین کە ئێتنۆموزیکۆلۆجی نوێنەرایەتی ڕێبازێکی ئەکادیمی گشتگیر دەکات بۆ خوێندنی موزیك، شیکردنەوەی دەنگ، هەڵسوکەوتی کۆمەڵایەتی، چوارچێوەی کەلتووری، مێژوو، نواندن و کارە کۆمەڵایەتیەکانی موزیك تێکەڵ دەکات. ئەم زانستە وەک ئامرازێکی بنەڕەتی خزمەت دەکات بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی نێوان مرۆڤ و موزیك، و چۆنیەتی بەکارهێنانی موزیك وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین، گەیاندن و پاراستنی کەلەپووری کولتووری، لە هەمان کاتدا سوود لە میتۆدەکانی تیۆری و مەیدانی وەردەگرێت بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنێکی تەواو و قووڵ لە هەموو دیاردەیەکی موزیك.

## گرنگی زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی لەزانینی سەرەتاکانی هونەری موزیك

بۆزانینی سەرەتاکانی هونەری موزیك و چۆنیەتی سەرهەڵدانی و پەرەسەندنی ئەم هونەرە گرینگە زۆرێك لە زاناکان و فەیلەسوفەکان و مێژوو نوسەکان لە بوارەکانی وەك (موزیکۆلۆجی ـ ئیتنۆموزیکۆلۆجی ـ سۆسۆ لۆجی ـ ئەنترۆپۆلۆجی... تادوایی)، هەوڵی ئاشنابونیان داوە لەم بوارەدا، هەربۆیەش ئاراستەکان و بۆچونەکانیان لەم بارەیەوە جۆراو جۆرو زۆرن. ئەم زۆری بۆچونانەش دەگەڕێتەوە بۆ بەدەست نەکەوتنی زانیاری و کەرەستەی بەرجەستە کراو. واتە کاتێك مێژوو نوسە موزیکیەکان ویستیان دەربارەی موزیکی کۆن بدوێن، مەبەستمان موزیکی مرۆڤی چاخی بەردینە، هیچ شتێکی وایان لەبەردەست دانەبووە کەبتوانن پشتی پێ ببەستن، وەئاواز و بۆنەکانی ئەم چەرخە کۆنانەش و گوتنەکانیشیان بەیەك جارەکی بەرەو هەڵوەشانەوەو لەناو چوون هاتبوون، سەبارەت بە ئامێرە موزیکیەکانیش کەلە کەرەستەی سادە و زوو لەناوچوو دروستکرابوون بەهەمان شێوە توشی لەناو چوون ببوون. ئەم لەناوچوونانەش بوەهۆی دروست بوونی کەموو کوڕی لەشتە بەرجەستە کراوەکان، بۆیە مێژوو نوسەکان و لێکۆلەرەکان پەنایان بردەبەر شیکردنەوەی تیۆری. وە دیارترین لەم تیۆرانەش ئەوانەن کە پشت ئەبەستن بەئەفسانەکان بۆ وردکردنەوەی بنچینەکانی موزیك.

هەندێ لەزانایانی موزیك سەرەتای سەرهەڵدانی موزیك دەگەڕێننەوە بەشێوەیەکی گشتی بۆ زیاتر لە سەرچاوەیەك وهۆکارێك، بەڵام گشتیان کۆکن لەسەرئەوەی هاوارکردنی بەنەغمە و لێدان لەچڵی داری کلۆر و میوەی وشك و ئێسقان و لاواندنەوەکان و کاری ڕۆژانەی مرۆڤ و لێدان لەسەر پێست و هەڵچوون و هێوربونەوەی دەرونی، هەموو ئەم هۆکارانە بەشداربوون لە گەشەسەندن و دروست بوونی سەرەتاکانی ڕیتم و ئاواز.

بۆ زیاتر پشت ڕاست کردنەوەی ئەم بۆچوونانەی سەرەوەش خۆش بەختانە لە ڕێگای هەوڵ و توێژینەوە یەك بەدوای یەکە بەردەوامەکان تواندرا هەندێ لەم کەرەستە و ئامێرانەی موزیکی چاخەکانی بەردینی بدۆزرێنەوە، ئەگەرچی ئەم کەرەستە و ئامێرانەی کە دۆزراونەتەوە شێواون بە شێوەیەك کە ناتواندرێت بە ڕێژەیەکی زۆر جێگیر باسیان لێوە بکرێت، بەڵام لە هەمان کاتدا بەهۆیانەوە دەتواندرێت هەندێ لە ئەفسانە و وتەکان بسەلمێنن.

بۆنمونە ئەگەر سەیری ئەم ئێسکەی وێنەی ژمارە (١) بکەین بۆمان دەردەکەوێ کە مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگای ئێسکەوە جاچ هی مرۆڤ بێ یا هی ئاژەڵ، توانیویەتی ئامێرێکی موزیکی دروست بکات و لە ڕێگای ئەم ئامێرەوە چەند دەنگێك یا نەغمەیەکی موزیکی دەرببڕێت بۆ دامرکانەوەی حەزەکانی یان تێرکردنی هەست و نەستی .



**وێنەی ژمارە (١)**

هەروەها لە وێنەی ژمارە (٢) دا بۆمان دەردەکەوێ کە ئەو ئەفسانانەی کە دەڵێن مرۆڤی سەرەتایی لەڕێگای سروشت و باو بۆرانەوە یاخود ڕونتر بڵێین کاتێك با بەناو چڵە دارە کلۆڵەکان هاتوو چۆی کردوە و دەنگیان لێوە دەر چووە هەر لەم کاتەوە مرۆڤ بەدوای دەنگەکانەوە گەڕاوە و ئامێری هەوایی لێیان دروست کردووە.




**وێنەی ژمارە (٢)**

هەروەها سەبارەت بە بەکار هێنانی ڕیتم و ئامێرەکانی ئەم کاتە ئەگەر سەرنج بدەینە وێنەی مارە (٣) دەبینین لە ڕێگای هەڵکەندراوەکانەوە کە لەسەر دیواری ئەشکەوت و بەردەکان داتاشراون یان هەڵکەندراون زۆر بەڕوونی وێنەی ئامێرە ڕیتمیەکان دەبینین، هەروەها شێوەی بەکارهێنانیشیان، بەڵام سەبارەت بە ئامێرەکە وەك خۆی کە بە بەرجەستەکراوی نەماوە ئەوە زیاتر بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە ئەم ئامێرە ڕیتمیانە زیاتر لە پێستە و میوەی ئیشك کراوە دروست کراون بۆیە مانەوەیان بۆ چەندین هەزار ساڵ زۆر ئاستەمە.



**وێنەی ژمارە (٣)**

مێژوو نوسان و زاناکانی بواری موزیک و لێکۆڵەرەکانی بواری هونەر بەگشتی و موزیک بەتایبەتی بۆ زانیاری زیاتر و پشتراستکردنەوەی زانیاریەکانی پێشوو پشتیان بەست بە دوو زانستی زۆر گرنگ کەئەمانیش زانستی (ئەنترۆپۆلۆجی) و زانستی (ئیتنۆموزیکۆلۆجی)ە، تواندرا لەڕێگای ئەم دوو زانستە سودێکی یەکجار زۆر بۆ خزمەتکردنی بواری موزیك بەگشتی و زانینی سەرەتاکانی هونەری موزیك بەتایبەتی ببیندرێت، چونکە ئەم دوو زانستە کار لەسەر ئەمانەی خوارەوە دەکەن:

یەکەم / زانستی (ئەنترۆپۆلۆجی) ئەوزانستەیە کەلەبنچینەی ڕەگەزی مرۆڤ و پێشکەوتنەکانی و بیروو بۆچوون و عورفو عادات و بیرو باوەڕەکانیان دەکۆڵێتەوە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا هێشتا پێشکەوتنی پرۆگرامی خوێندن نەیتوانیوە دڵنیابێت لەوەی کە ئایا مرۆڤی ئێستا بەتەواوی هاوشێوەی مرۆڤی کۆن بووە یان نا.

دووەم / زانستی (ئیتنۆموزیکۆلۆجی)، ئەم زانستەش بریتیەلە دراسەکردنی شارستانیەت و کەلتوری مرۆڤ لەڕوانگەی مێژووی موزیك و (ئەنترۆپۆلۆجی) واتە زانستی نەژادی ئادەمیزاد.

بەگشتی دەتوانین بڵێین هونەری موزیك لەسەردەمەکانی زوودا، دەکەوێتە نزمترین پلەی پێشکەوتن، چونکە پێشێلی ڕۆڵی تاکی کردووە لە بواری داهێنان. واتە کارەکان زیاتر بە کۆمەڵ (جماعی) بوونە، هەروەها بێبەش بووە لە بنەما تیۆریەکان و پشتیان بە لاسایی کردنەوەی پێش خۆیان بەستوە، ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە نوسینیان نەزانیوە و زیاتریش پشتیان بەم ئامێرانە بەستوە کە دەنگیان لێوەهاتۆتە دەرەوە واتە ئامێرە (ئایدۆفۆنیەکان)، ئەمەش بەواتای ئەوەی ئەم ئامێرانە خاوەن لەرینەوەی خۆیان بوونەو لەکەرەستەی خاو دروستکراون وەك ئێسقان و پێستە ..تادوایی.

## دەروازەیەک بۆ زانستی ئەتنۆموزیکۆلۆجی

ئێتنۆموزیکۆلۆجی بە یەکێک لە لقەکانی خوێندنی موزیکی هاوچەرخ دادەنرێت کە جەخت دەکاتە سەر خوێندنی موزیک لە چوارچێوەی کولتووری، کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتیدا. تەنها بە شیکردنەوەی پێکهاتەی دەنگی یان جوانی موزیک سنووردار نییە. ئەم زانستە موزیک وەک چالاکییەکی مرۆڤ دەبینێت کە پەیوەستە بە (ناسنامە ، نەریت ، شێوازی ژیان لە ناو کۆمەڵگا).

بنچینەی ئەم زانستە دەگەڕێتەوە بۆ کۆتاییەکانی سالانی ١٨٠٠ واتە لە کۆتاییەکانی سەدەی (١٩) و سەرەتاکەکانی سەدەی (٢٠) سەریهەڵداوە و بڵاوبۆتەوە، کاتێک توێژەرانی ئەوروپا دەستیان کرد بە لێکۆڵینەوە لە موزیکی گەلانی ڕۆژهەلاتی و نەتەوەکانیتری وەک: ئاسیا، ئەفریقا و ئەمریکای لاتین.

لەسەرەتا و لەم قۆناغەدا زانستەکە بە موزیکناسی بەراوردکاری ناسراو بوو، کە تیایدا توێژەران جەختیان لەسەر بەراوردکردنی پێوەری موزیک و ڕیتم و سیستەمە دەنگییە جیاوازەکان دەکرد، لەسەر بنەمای تۆمارە دەنگییە کۆنەکان، بەفەرامۆشکردنی چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و کەلتووری موزیک. بە تێپەڕبوونی کات و بەهۆی ڕەخنەکانی ئەم بۆچونە، زانستەکە پێویستی بە میتۆدۆلۆژیایەکی گشتگیرتر هەبوو، ئەوەبوو دواتر زیاتر لەسەر زانستەکە و کەم و کوڕیەکانی کاری جدیتر ئەنجامدرا و زانستی یتنۆموزیکۆلۆجی لە چەند دەیەی دواییدا پەرەی سەند و بوارێکی فراوانتری گرتە ئەستۆ، چیتر سنووردار نەکرا بۆ موزیکی فۆلکلۆر یان موزیکی نەریتی، بەڵکو درێژ بووەوە بۆ خوێندنی موزیکی شارستانی، موزیکی کەمایەتیەکان، و موزیک لە چوارچێوەی جیهانگیری، کۆچبەری، و تەکنەلۆژیای مۆدێرن.

لەئێستادا زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی بوارەکانی خوێندنی بریتین لە:

١- گۆرانی و موزیکی فۆلکلۆری.
٢- گۆرانی و موزیکی میللی.
٣- گۆرانی و موزیکی داندراو.
٤- ئامێرە موزیکییە نەریتییەکان.
٥- ئامێرە موزیکییە ڕۆژھەڵاتی و ڕۆژ ئاواییەکان.
٦- پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و ناسنامەی کەلتووری.
٧- پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و نەتەوە.
٨- پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و سیایەت.
٩- پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و نیشتمان.
١٠-پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و ڕێوڕەسمە کۆمەڵایەتیەکان.
١١-پەیوەندی نێوان گۆرانی و موزیک و ڕێوڕەسمە ئاینییەکان... ھیتر.

کەواتە، ئێتنۆموزیکۆلۆجی بە چوارچێوەیەکی زانستی گشتگیر دادەنرێت بۆ تێگەیشتن لە موزیک وەک دەربڕینێکی کەلتووری و مرۆیی، کە وەک پردێکە (موزیک بە کۆمەڵگا و مێژووەوە دەبەستێتەوە).

## پێناسەی ئێتنۆموزیکۆلۆجی

پێناسەکردنی ھەر زانستێک ھەنگاوێکی بنچینەییە بۆ تێگەیشتن لە سنووری مەعریفیەکان و بنەما عەقڵییەکان و ئامرازەکانی میتۆدیۆلۆژی. کەواتە زانستی ئێتنۆموزیکۆلۆجی تەنھا لقێکی موزیکناسی نییە، ھەروەھا درێژکراوەیەکی سادەی مرۆڤناسیش نییە. بەڵکو بوارێکی سەربەخۆی زانیارییە و تێڕوانینی خۆی ھەیە بۆ تێگەیشتن لە تەواوی بابەتە ھونەریەکان بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی لە چوار چێوەی تەواوی زانستەکانیتر و کایەکانی ژیان.

پێناسەی ئەم زانستە ناتوانرێ بۆ یەک ڕستە کورت بکرێتەوە، چونکە گەشەسەندنی مێژووی، ھەمەجۆری قوتابخانەکان و مەودای فراوانی بوارە، چەمکەکەی گشتگیرتر و قووڵتر کردۆتەوە. بۆیە پێویستی بە باسکردنی پێناسەکەی ھەیە لەچەند گۆشەیەکەوە لەوانە: <u>زەمانەوانیی</u>، <u>زاراوەی</u> و <u>فەلسەفی</u> و <u>میتۆدیۆلۆژی</u>.

## یەکەم: پێناسەی زمانەوانی زاراوەی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی

زاراوەی ئیتنۆموزیکۆلۆجی لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە:

أ/ ئیتنۆ (Ethno) واتە خەڵک، کۆمەڵگە و ئاماژە بە ڕەهەندی کۆمەڵایەتی و مرۆیی دەکات.
ب/ موزیک (Music) واتە موزیک، وەک ڕێکخستنی دەنگ و ڕیتم.
ج/ لۆجی (Logy) واتە زانست یان خوێندنی سیستماتیک.

بەم شێوەیە ئەگەر هەرسێ دەستەواژەکە پێکەوە بخوێنینەوە دەبێتە: زانستی موزیکی گەلان (علم الموسیقى الشعوب). کەواتە مانای زمانەوانی ئەم دەستەواژەیە بریتییە لە: زانستی خوێندنی موزیکی گەلان و کۆمەڵگە مرۆڤایەتیەکان. لەگەڵ ئەوەشدا، ئەم پێناسە زمانەوانییە زۆر سەرەتاییە و ڕەنگدانەوەی قووڵی ڕاستەقینەی ئەم بوارە زانستییە نییە.

## دووەم: پێناسەی زاراوەی ئیتنۆموزیکۆلۆجی

ئەو زانستەیە کە موزیک لە چوارچێوەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا دەخوێنێت، بە چالاکییەکی مرۆڤی دادەنرێت کە پەیوەندی بە ناسنامە و هەڵسوکەوت و ژینگە و مێژووەوە هەیە. لەم پێناسەیەدا ئاماژە بەوە کراوە کەجەخت لەسەر موزیک ناکات تەنها وەک دەقێکی دەنگ، بەڵکو دەیبەستێتەوە بەو مرۆڤەی کە بەرهەمی دەهێنێت، نمایشی دەکات و گوێی لێدەگرێت.

## سێیەم: ڕەهەندی فەلسەفی پێناسەی ئیێتنۆمۆزیکۆلۆجی

لە ڕوانگەیەکی فەلسەفییەوە، ئیتنۆموزیکۆلۆجی لە بیرۆکەیەکی بنچینەییەوە دەست پێدەکات کە (موزیک دیاردەیەکی مرۆڤە پێش ئەوەی ببێتە دیاردەیەکی دەنگی).

## چوارەم: پێناسەکان تیۆری کەلەلایەن توێژەران و تیۆریستەکانەوە کراوە

### ١. پێناسەی (برۆنۆ نێتل)

برۆنۆ بە یەکێک لە دیارترین تیۆریزانانی ئەم بوارە دادەنرێت و ئیتنۆموزیکۆلۆجی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (خوێندنی موزیکە وەک هەڵسوکەوتی مرۆڤی، لەگەڵ تیشک خستنە سەر پەیوەندی نێوان دەنگ و کەلتوور و کۆمەڵگا). برۆنۆ جەخت لەوە دەکاتەوە کەناتوانرێت موزیک لە ژینگەی خۆی جیابکرێتەوە، هەروەها تێگەیشتن لە دەنگ پێویستی بە تێگەیشتن لە کەلتوور هەیە.

### ٢. پێناسەی ئالان مریام (Alan P. Merriam)

مریام پێناسەیەکی گشتگیرتری پێشکەش کرد کاتێک گوتی:
(ئیتنۆموزیکۆلۆجی خوێندنی موزیکە لە کەلتووردا، یان موزیک وەک کەلتوور دەناسێنێ). ئەم پێناسەیە بە یەکێک لە کاریگەرترین پێناسەکان دادەنرێت چونکە موزیک لە بەرهەمێکی هونەرییەوە دەگۆڕێت بۆ بوون بە کردارێکی کەلتووری.

### ٣. پێناسەی مانتل هود (Mantle Hood)

مانتل هود تیشک دەخاتە سەر لایەنی پراکتیکی و ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی بەم شێوەیە پێناسە دەکات: (خوێندنی موزیک لە ناوەوە، لە ڕێگەی بەشداریکردن لە نمایشەکەی و تێگەیشتن لە پراکتیکەکەی).

## پێنجەم: ئیتنۆموزیکۆلۆجی وەک زانستێکی هەمەچەشن

ئەم بوارە (Interdisciplinary) بەوە جیا دەکرێتەوە کە زانستێکی هەمەچەشنەیە، چونکە پشت دەبەستێت بە:موزیکناسی وکۆمەڵناسی و کەلتووری و مێژوویی. لەبەر ئەوە ناتوانێ تەواو بێت بەبێ ئاماژەکردن بەم تێکەڵکردنە جیاوازە.

## شەشەم: جیاوازی نێوان پێناسەی ئیتنۆموزیکۆلۆجی و موزیکناسی تەقلیدی

**موزیکناسی تەقلیدی جەخت دەکاتە سەر:**

- هێماکردن (اشارات)
- شیکردنەوەی تیۆری (تحليل النظري)
- پێکهاتەی دەنگ (مكونات الصوت)

لە کاتێکدا ئیتنۆموزیکۆلۆجی گشتی جەخت دەکاتە سەر:

- چوارچێوەی کەلتووری.
- هەڵسوکەوتی هونەری بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی.
- ئەرکی کۆمەڵایەتی موزیکی.

**حەوتەم: پەرەسەندنی چەمکی پێناسەکانی ئیتنۆموزیکۆلۆجیا بە تێپەڕبوونی کات.**

پێناسەی ئێتنۆمۆسیکۆلۆجی جێگیر نەکراوە، بەڵام بە قۆناغ پەرەی سەندووە :
١ .قۆناغی موزیکی بەراوردکاری: جەخت لەسەر بەراوردکردنی دەنگ دەکاتەوە و دەیبەستێتەوە بە گشت لایەنەکان.
٢ .قۆناغی مرۆڤناسی: جەخت لەسەر کەلتوور و هەڵسوکەوتەکانی مرۆڤ دەکاتە لە چوارچێوەی هونەری بەگشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتتر.
٣ .قۆناغی هاوچەرخ: جەخت لەسەر ناسنامە و جیهانگیری و تەکنەلۆژیا لە چوارچێوەی گۆرانی و موزیک دەکاتەوە. ئەم پەرەسەندنە پێناسەی بوارەکەی گشتگیرتر و فراوانتر کردووە.

**هەشتەم: توخمەکانی پێناسەی گشتگیری ئیتنۆموزیکۆلۆجی دەتوانرێت لەم توخمانەی خوارەوە کورت بکرێتەوە:**

- موزیک
- مرۆڤ
- کەلتوور
- کۆمەڵگا
- دەق (تێکست)
- ڕاهێنان (تمرین)

شایەنی باسە، هیچ توخمێک ناتوانێ بە جیا لە ئەوانی تر تێبگەین.

**نۆیەم: گرنگی پێناسەکردنی ئێتنۆموزیکۆلۆجی لە خوێندنی زانکۆدا لەوەدایە کە:**

* ڕێنمایی توێژینەوە زانستیەکان دەکات.
* شێوازی خوێندنی گۆرانی و موزیک ڕوون دەکاتەوە.
* یارمەتی فێرخوازان دەدات بۆ بەدەستهێنانی تێگەیشتنی ڕەخنەگرانە.
* بناغەی تیۆری بۆ تەواوی میتۆدەکانی هونەری دادەنێت.

**دەیەم: زانستی ئێتنۆلۆجی**

ئێتنۆلۆجی کەبەشێکی سەرەکییە لە زانستی (ئیتنۆموزیکۆلۆجی) لێکۆڵینەوەیەکی بەراوردکاریی کولتوورەکانە، جەخت دەکاتە سەر کۆکردنەوە و سیستماتیکی کردنی داتای کەلتووری و کۆمەڵایەتی پەیوەست بە گەلانی جیاواز.

پشت بە شیکردنەوەی بەڵگەنامە مێژووییەکان و داتای ئێتنۆگرافی دەبەستێت کە یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لە هەمەجۆری کەلتووری لە کات و شوێنی جیاوازدا. ئەم لێکۆڵینەوانە بەشێکی گرنگی مرۆڤناسین، چونکە ئامانجی وەسفکردن و شیکردنەوەی بارودۆخی کۆمەڵایەتی و کەلتووری خەڵکە لەگشت بوارەکان و موزیک بەتایبەتی.

کەواتە ئێتنۆمۆزیکۆلۆجی لقێکە لە زانستی کۆمەڵایەتی و موزیک کە پەیوەندی نێوان موزیک و کەلتوور دەخوێنێت. ئەم زانستە ڕەگەزناسی تێکەڵ دەکات، کە تیشک دەخاتە سەر خوێندنی خەڵک و کەلتوورەکان، و موزیکناسی کە دیاردە موزیکییەکان دەخوێنێت.

**خاڵە سەرەکیەکانی میتۆدی زانستی ئەتنۆموزیکۆلۆجی**

١. تێگەیشتن لە کەلتوور: تاقیکردنەوەی چۆنیەتی کاریگەری کەلتورە لەسەر کردارەکانی کۆکردنەوە و دابەشکردنی زانیاری.

٢. چاودێری و هاوبەشیکردن: بەکارهێنانی تەکنیکەکانی چاودێریکردن و هاوبەشیکردن بۆ کۆکردنەوەی داتا لەسەر چۆنیەتی بەکارهێنانی زانیاری لە ژینگەی جیاوازدا.

٣. شیکردنەوەی حاڵەت: جەخت لەسەر بارودۆخی دیاریکراو دەکاتەوە بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێکردنی تاکەکان لەگەڵ زانیاری لە چوارچێوەی کەلتووری تایبەت.

٤. کارلێکردنی کۆمەڵایەتی: کارلێکردنی کۆمەڵایەتی کاریگەری لەسەر ئاڵوگۆڕی زانیاری هەیە.

## جۆرەکانی کۆکردنەوەی داتا

### ١. چاودێری راستەوخۆ

أ/ **چاودێری:** توێژەر چاودێری تاک یان گرووپەکان دەکات لە ژینگەی سروشتی خۆیاندا بەبێ دەستتێوەردان. ئەم تێبینییە دەکرێت کراوە بێت (ئاراستەنەکراو) یان داخراوبێت (ئاراستەکراو) بۆ ئامانجێکی دیاریکراو.
ب/ **بەشداریکردن:** هەندێک جار توێژەر بەشداری چالاکی ڕۆژانەی گروپەکە دەکات بۆ لێکۆڵینەوە لە هەڵسوکەوتەکانیان لە ناوەوە.

### ٢. چاوپێکەوتنەکان

توێژەر لەگەڵ ئەندامانی گرووپەکان قسە دەکات بۆ بەدەستهێنانی بیروڕای تایبەتی و ئەزموونی وردەکاریەکان.

هەروەها توێژەر دەتوانێت گروپی بچووک بچوک دروستبکات بۆ تاوتوێکردنی بابەتی دیاریکراو لەژێر سەرپەرشتی کەسانی پسپۆڕ یا توێژەر خۆی.

### ٣ . پرسیارنامەکان (ڕاپرسی)

بەکارهێنانی پرسیار بۆ کۆکردنەوەی زانیاری چەندێتی دەربارەی بیروڕای گشتی یان ڕەفتاری گشتی، بەڵام ئەمە لە ڕەگەزناسی کەمتر بەربڵاوە وەک لە میتۆدەکانی تر.

### ٤.لێکۆڵینەوەی دۆکیۆمێنتاری

پێداچوونەوە بە بەڵگەنامەکانی دەق و بیستن و بینین، پەیوەست بە کۆکراوەکە، وەک تۆمارەکان، وتارە ئەکادیمییەکان.

### ٥.وێنە و ڤیدیۆ

بەکارهێنانی میدیا جیاوازەکان بۆ دۆکیومێنتکردنی چالاکییە کەلتووری و ڕەفتارییەکان، کە یارمەتیدەرە لە شیکردنەوەی ساڵانی دواتر.

**٦.شیکردنەوەی ناوەڕۆک**

ناوەڕۆکی پەیوەست بە دەستکاریکەرانی کەلتووری یان هونەری گرنگە بۆ تێگەیشتن لە واتا و هێماکان.

## گرنگی ئیتنۆموزیکۆلۆجی

ئیتنۆموزیکۆلۆجی گرنگییەکی گەورەی هەیە لە تێگەیشتن لە کارلێکێکی ئاڵۆزی نێوان موزیک و کەلتوور. ئەم بوارە بە بەهێزکردنی تێگەیشتنمان لە هەمە جۆری کەلتووری دەست پێدەکات و نیشانی دەدات کە چۆن موزیک لە بەها و بیروباوەڕی کۆمەڵگا جیاوازەکان ڕەنگدەداتەوە. بە لێکۆڵینەوە لە شێوازە جۆراوجۆرەکانی موزیک، دەتوانین کەلەپووری کەلتووری بەرز بنرخێنین و لە چوارچێوەی مێژوویی خۆیدا دابینێین، یارمەتیدەر بین بۆ پاراستنی کەلتوور و ناسنامەکەی.

سەرەڕای ئەوەش، ئیتنۆموزیکۆلۆجی ئامرازێک دابین دەکات بۆ شیکردنەوەی کاردانەوەی موزیک بەرامبەر گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان، کە یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتنێکی قوڵتر لە جیهانی هاوچەرخدا. ئەمانە تیشک دەخەنە سەر ئەوەی کە چۆن موزیک دەتوانرێت وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامە و ئینتیما بەکار بهێنرێت و ڕۆڵی خۆی لە بنیاتنانی پەیوەندییە کولتوورییەکانی نێوان خەڵکاندا بەهێز دەکات.

شایانی باسە ئەم زانستە هەروەها یارمەتیدەرە لە وێناکردنی ئاستەنگیە کۆمەڵایەتییەکان لە ڕێگەی گۆرانی و کاری موزیک و دروستکردنی پلاتفۆرمێک بۆ دەربڕینی کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەک دادپەروەری و یەکسانی. هەروەها کاریگەری و دابەشکردن دەدۆزێتەوە.

پێشکەوتنی تەکنەلۆژیا لەسەر موزیک و چۆنیەتی دووبارە شێوەی بەرهەمهێنان، کەواتە ئیتنۆموزیکۆلۆجی ئامرازێکی گرنگە بۆ بەشداریکردن لە فێربوون و تێگەیشتن لە ئەزموونەکانی مرۆڤ، کردنەوەی ڕێگای نوێ بۆ توێژینەوەی ئەکادیمی و هاندانی داهێنان لە گۆڕەپانی هونەری. لە ڕێگەی ئەم داینامیکەوە، ئیتنۆموزیکۆلۆجی بەشداری لە هۆشیاری جیهانی دەکات سەبارەت بە ڕۆڵی موزیک لە پێکهێنانی ناسنامەی کەلتووری.

## ڕۆڵی موزیک لە پێکهێنانی ناسنامەی کەلتووری

### ١. تێگەیشتن لە هەمەجۆری مرۆڤایەتی
توێژینەوەی ڕەگەزناسی یارمەتیدەرە بۆ دۆزینەوەی چۆنیەتی جیاوازی هەڵسوکەوت و دابونەریت لە نێوان خەڵک و کۆمەڵگا جیاوازەکاندا.ئەم جیاوازییە ڕەنگدانەوەی هەمەجۆری ئەزموون و بیروباوەڕی مرۆڤەکانە.

### ٢. پەرەپێدانی هاوسۆزی و تێگەیشتن
لەڕێگای لێکۆڵینەوە لە کەلتوورە جیاوازەکان، توێژەران و تاکەکان دەتوانن هاوسۆزی باشتر بۆ کەسانی تر پەرە پێبدەن و بەشداری بکەن لە کەمکردنەوەی جیاوازی و جیاکاری.

### ٣.پاراستنی کەلەپووری کولتووری
ڕەگەزناسی ڕۆڵێکی گرنگ دەگێڕێت لە دۆکیۆمێنت کردن و پاراستنی کەلتوورە نەریتییەکان، بەتایبەتی ئەوانەی کە لەوانەیە بەهۆی جیهانگیرییەوە مەترسی لەناوچوون یان گۆڕانیان لەسەربێت.

### ٤. چوارچێوە بۆ دیاردە کۆمەڵایەتیەکان
یارمەتیدان لە دابینکردنی چوارچێوەیەک بۆ تێگەیشتن لە دیاردە کۆمەڵایەتی، سیاسی و ئابوورییەکان لە ڕێگەی بینینی کاریگەری کەلتوور لەسەر کرداری تاک و کۆمەڵگا.

### ٥. پەروەردە و گەشەپێدانی کۆمەڵگە
زانیاری بەرهەم هاتوو لە توێژینەوەی ڕەگەزناسی دەتوانرێت بۆ پەرەپێدانی پرۆگرامەکانی پەروەردە و گەشەپێدان بەکار بهێنرێت کە لەگەڵ پێداویستییەکانی کەلتوورە جیاوازەکان بگونجێت.

### ٦.کاریگەری لەسەر سیاسەتە گشتییەکان
یارمەتی ڕێنمایی سیاسەتە گشتییەکان و کردارەکانی گەشەپێدان دەدات بە شێوەیەک کە جیاوازی کەلتووری لەبەرچاو بگرێت و ببێتە هۆی ئەنجامێکی کاریگەرتر و گشتگیرتر.

### ٧.بەرەوپێشبردنی دیالۆگی نێوان کەلتوورەکان
پەرەپێدانی دیالۆگ و کارلێک لە نێوان کەلتوورە جیاوازەکاندا، بەم شێوەیە یارمەتیدەرە بۆ بنیاتنانی پەیوەندییەکی ئاشتیخوازانە و تێگەیشتنی زیاتر لە جیهاندا.

**٨.بەدەستهێنانی ئاسایشی ڕۆشنبیری**

بە تێگەیشتن لە کەلتووری جیاواز، ئێمە ئاسایشی ڕۆشنبیری بەدەست دەهێنین بۆ مامەڵەکردن لەگەڵ جیاوازی و قبوڵ نەکردنی پێشینەکان زیاتر بەهادار دەبن.

## ئامانجەکانی ئیتنۆمۆزیکۆلۆجی

**١.بواری کەلتووری/**

شیکردنەوەی چۆنیەتی ڕەنگدانەوەی موزیک و کاریگەری لەسەر بەها کۆمەڵایەتیەکان و کردارە کەلتوورییەکان.

**٢. تێگەیشتن لە هەمەجۆری موزیک/**

شێوازە جیاوازەکانی موزیک لە کەلتوور و مێژوودا ڕوندەکاتەوە.

**٣. کارلێکردنی موزیک لەگەڵ ناسنامە/**

تاقیکردنەوە دەکات کە چۆن خەڵک موزیک بەکاردەهێندرێت بۆ دەربڕینی ناسنامە و ئینتیما.

ئامانجە گشتییەکان لە خوێندنی زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی، دابینکردنی چوارچێوەیەکی گشتگیرە بۆ تێگەیشتن لە پەیوەندی قووڵی نێوان موزیک و کەلتوور، لە ڕێگەی لێکۆڵینەوە لە شێوازە جیاوازەکانی موزیک لە چوارچێوەی کۆمەڵایەتی و مێژووییاندا. ئەم شێوازە هەوڵی بەرزکردنەوەی هۆشیاری دەربارەی گرنگی موزیک وەک ئامرازێک بۆ دەربڕینی ناسنامە و ئینتیما، ئەوە ڕوون دەکاتەوە کە چۆن کردارە موزیکییەکان ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕە کەلتوورییەکانە لەناو کۆمەڵگادا.

ئامانجە ئەکادیمییەکان جەخت لەسەر شیکردنەوەی کاریگەری هاوبەشی نێوان موزیک و فاکتەرە کۆمەڵایەتی و سیاسیەکان دەکەن، کە فێرخوازان توانای تێگەیشتنیان لە چۆنیەتی پەرسەندنی موزیک لە وەڵامی گۆڕانکارییەکانی کۆمەڵگادا هەیە. سەرەڕای ئەوەش، ئامانجی کۆرسەکە نیشاندانی هەمەجۆری جیهانی موزیک و بەرزکردنەوەی توانای تێگەیشتن لە جیاوازییە کەلتوورییەکانە، بەم شێوەیە هاوسۆزی و تێگەیشتن لەنێوان نەتەوەکان و کۆمەڵگاکان بەرز دەکاتەوە.

هەروەها هەوڵی پەرەپێدانی تواناکانی توێژینەوەی فیرخوازان دەدات لە ڕێگەی پڕۆژە و لێکۆڵینەوەی حاڵەتەکانەوە کە ڕێگەیان پێدەدات موزیک وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە کێشە کۆمەڵایەتییە هاوچەرخەکان بدۆزنەوە. لە کۆتاییدا، ئامانجی ئامادەکردنی فێرخوازە بۆ ئەوەی ببنە توێژەرێکی چالاک و داهێنەر، بتوانن زانیاری وەرگیراوی ئیتنۆموزیکۆلۆجی لە چەندین بواردا بەکار بهێنێت، لەوانە پەروەردە، سیاسەتی کەلتووری و پیشەسازی داهێنەر...تادوایی.

## سودی ئیتنۆموزیکۆلۆجی بۆ توێژەران

**یەکەم/** چاوەڕوان دەکرێت فیرخوازان بتوانن شێوازە جیاوازەکانی موزیک شیبکەنەوە و لە کاریگەرییان لەسەر ئەو کۆمەڵگایانە تێبگەن کە تێیدا سەرچاوەیان گرتووە.هەروەها فێردەبن چۆن موزیک بە ناسنامەی کەلتووری ببەستنەوە و پێشبینی ئەوە بکەن کە چۆن لە بارودۆخی کۆمەڵایەتی و سیاسی جیاوازدا دەگۆڕن.

**دووەم/** فیرخوازان شارەزایی توێژینەوەی پێشکەوتوو بەدەست دەهێنن. بە ئەنجامدانی پڕۆژەی توێژینەوە و توێژینەوەی مەیدانی، ئەوان دەتوانن داتا کۆبکەنەوە و بە شێوەیەکی ڕەخنەگرانە شیبکەنەوە و بتوانن دەرەنجامی بەڵگەیی سەبارەت بە کاریگەرییەکانی موزیک لەسەر کۆمەڵگاکان پێشکەش بکەن.

**سێیەم/** تێگەیشتنی فیرخوازانە لە ڕۆڵی تەکنەلۆژیا لە شێوەی موزیکی هاوچەرخ. ئەوان دەتوانن بزانن چۆن میدیا و تەکنەلۆژیا کاریگەری لەسەر بەرهەمهێنان و بڵاوکردنەوەی موزیک هەیە، هەروەها چۆن ئەم گۆڕانکارییانە کاریگەری لەسەر شێوازە کەلتوورییەکان هەیە.

کەواتە، دەرەنجامەکان بریتین لە پەرەپێدانی توانای فیرخوازان بۆ پەیوەندی کاریگەر لەسەر بابەتە ئاڵۆزەکانی پەیوەست بە موزیک و کەلتوور. ئەوان دەتوانن بیروڕاکانیان بە ڕوونی دەرببڕن و کێشە کۆمەڵایەتیەکانی وەک دادپەروەری و یەکسانی لە ڕوانگەی موزیکەوە تاوتوێ بکەن و توانایان بۆ کارکردن لە ناو کۆمەڵگە کەلتوورییەکانیاندا بە شێوەیەکی کاریگەر بەرز بکەنەوە. هەموو ئەم ئەنجامانە یارمەتیدەرن بۆ پێکهێنانی کەسانی شارەزای هۆشیاری کەلتووری کە توانای تێگەیشتنی ڕەخنەگرانە لە جیهانی دەوروبەریان هەبێت.

## شیکاری ئیتنۆموزیکۆلۆجی

شیکاری ئیتنۆموزیکۆلۆجی بوارێکە کە گرنگی بە خوێندنی دەق و سیستەمە کولتوورییەکان دەدات لە ڕوانگەی پەیوەندی و پێکهاتەی کۆمەڵایەتی. هەریەک لە قوتابخانە ناوبراوەکان میتۆد و میکانیزمی شیکاری تایبەت بە خۆیان هەیە. ئەمەی خوارەوە پوختەیەکی جیاوازی نێوان ئەم قوتابخانانەن کە هەیە:

**١-قوتابخانەی فینلاندی**

بەندە بە پەیوەندی نێوان مانا لە چوارچێوەی کەلتووری.

**٢-قوتابخانەی هەنگاری**

جەخت دەکاتە سەر پێکهاتەی کۆمەڵایەتی و کارلێکەکان.

**٣-قوتابخانەی یوگۆسلافیا**

گرنگی بە دینامیکی کەلتووری لە کۆمەڵگە هەمەجۆرەکاندا دەدات.

**٤- قوتابخانەی ئەمریکی**

لەسەر بنەمای شیکاری دەروونی کۆمەڵایەتی کاردەکات.

دەرئەنجام هەر قوتابخانەیەک ڕەنگدانەوەی چوارچێوەی کەلتووری و ڕۆشنبیری خۆی دەکات، تێڕوانینی بێهاوتا پێشکەش دەکات بۆ خوێندنی سروشتی مرۆڤ و کارلێکە کۆمەڵایەتیەکان. قوتابخانەکانی فینلەندی و هەنگاری بە گرنگیدان بە کەلتووری ناوخۆیی و پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان دەناسرێن، لە کاتێکدا قوتابخانەی یوگۆسلاڤی تیشک دەخاتە سەر هەمەجۆری کەلتووری بەلقان و قوتابخانەی ئەمریکی دەیەوێت میتۆدی بابەتی و وردتر جێبەجێ بکات.

## شێوازەکانی شیکاری ئیتنۆموزیکۆلۆجی

شیکاری ئیتنۆموزیکۆلۆجی گرنگی بە خوێندنی موزیک دەدات لە ڕوانگەی کولتووری و کۆمەڵایەتیەوە و لە کۆمەڵێک ڕووەوە جیاوازی هەیە لە نێوان توێژەرانی عەرەب بەگشتی و عیراقییەکان بەتایبەتی. ئەمەی خوارەوە بەراوردێکی شێواز و سیستەمە بەکارهاتووەکانە:

**یەکەم/ شێوازە کانی شیکردنە وەی توێژە رانی عە رە ب**

أ-توێژەرانی عەرەب زۆرجار جەخت لەسەر کەلەپووری موزیک و دابونەریتی فۆلکلۆری دەکەن، هەوڵ دەدەن لایەنە کلتوری و مێژووییەکانی موزیک بدۆزنەوە.

ب-زۆربەیان پشت بە چاودێری ڕاستەوخۆ و تۆمارکردنی مەیدانی دەبەستن، لەوێ زانیاری کۆدەکەنەوە لە ڕێگەی کارلێک لەگەڵ موزیک ژەنەکان.

ج-توێژەرانی عەرەب گرنگییەکی زۆر دەدەن بەو چوارچێوە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییە کە موزیک تێدا هەیە، یارمەتیدەرن بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری کەلتوور لەسەر داهێنانی موزیک.

**دووەم/ شێوازە کانی شیکردنە وە ی توێژە رانی عێراقی**

أ-جیاوازی نەژادی:بە لەبەرچاوگرتنی جیاوازی کۆمەڵگاکانی عێراق، توێژەرانی عێراقی تەماشای ئەوە دەکەن کە چۆن فاکتەرە نەتەوەیی و ئایینییەکان کاریگەری لەسەر کرداری موزیک هەیە.

ب-شیکردنەوەی پێکهاتەی موزیک : هەندێک لە توێژەرانی عێراقی دەیانەوێت پێکهاتەی موزیکی ئاڵۆزتر شیبکەنەوە، وەک بەکارهێنانی مەقام و شێوازی کێشی تایبەت بە موزیکی عێراقی.

ج-بایەخ بە موزیکی هاوچەرخ: هەندێک لە توێژەران دەیانەوێت موزیکی هاوچەرخ و چۆنیەتی کاریگەری جیهانگیری شیبکەنەوە، لە کاتێکدا نەریت و مۆدێرنێتی بەیەکەوە دەبەستنەوە.

**سێیەم/ جیاوازییە سەرەکییەکان**

أ- لە کاتێکدا زانایانی عەرەب هەوڵ دەدەن لە چوارچێوەی کەلتووری مێژوویی زیاتر تێبگەن، توێژەرانی عێراقی جەخت لەسەر دینامیکی کۆمەڵایەتی و نەژادی دەکەن.

ب- توێژەرانی عەرەب شێوازی ئەزموونی زیاتر بەکاردەهێنن، لە کاتێکدا عێراقییەکان دەیانەوێت تێکستەکانی موزیک بە وردەکاریی شیبکەنەوە، لەوانە لێکۆڵینەوە لە پێکهاتەی بنەڕەتی موزیک.

ت- بابەتەکانی توێژینەوە: توێژەرانی عەرەب ئارەزوومەندن لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کەلەپوور و ناسنامەی کەلتووری، لە کاتێکدا توێژەرانی عێراقی جەخت لەسەر تێگەیشتن لە موزیک دەکەنەوە لەبەر ڕۆشنایی گۆڕانکارییە کۆمەڵایەتی و سیاسییەکان.

دەرئەنجام، هەرچەندە هەردوو گرووپ هەوڵ دەدەن لە موزیک لە چوارچێوەی کەلتووری و کۆمەڵایەتیدا تێبگەن، بەڵام جیاوازی لە جەخت و شێوازدا وادەکات هەر گروپێک تێڕوانینی تایبەت پێشکەش بکات کە ڕەنگدانەوەی باکگراوندی کەلتووری و ڕۆشنبیری ئەوان بێت.

## نمونەی کارپێکردنی  اثنۆموزیکۆلۆجی  لە ڕووپێوی مەیدانی گۆرانی و موزیکی  نەریتی

ئیتنۆموزیکۆلۆجی زۆر پشت بە توێژینەوەی مەیدانی دەبەستێت بۆ تێگەیشتن لە موزیک لە چوارچێوەی کەلتووریدا. ئەمانە چەند نموونەیەکن کە نیشانی دەدەن چۆن ئەم زانستە لە واقیعدا جێبەجێ دەکرێت:

**یەکەم/ کۆمە ڵە ی گۆرانییە فۆلکلۆرییەکان**

**پرۆژەکانی زانکۆ:** لە زۆربەی زانکۆکان، فیرخوازان توێژینەوەی مەیدانی ئەنجام دەدەن بۆ کۆکردنەوەی گۆرانی فۆلکلۆری لە کۆمەڵگە خۆجێییەکاندا. بۆ نموونە، فیرخوازانی موزیک ژەن دەتوانن سەردانی گوندەکان بکەن بۆ دۆکیۆمێنت کردنی گۆرانییە نەریتییەکانی پەیوەست بە ڕێوڕەسم و بۆنە کۆمەڵایەتی و سیاسی و ئاینی و نیشتیمانییەکان.

**تۆمارکردنی دەنگ و ڤیدیۆ:** لەم بەشەدا تەکنیکەکانی تۆمارکردن بۆ کۆکردنەوەی نمایشی ڕاستەوخۆی گۆرانیەکان بەکاردەهێنرێن، کە یارمەتیدەر دەبن بۆ دۆکیۆمێنت کردنی شێوازی  موزیک  و نمایشی هونەرمەندان و بەراوردکاردنیان بە کەلتوور و نەریتی میللەتانی تر.

**دووەم/ لێکۆڵینەوە لە کاریگەری کەلتوور لەسەر  موزیک**

**شیکردنەوەی گۆرانی:** توێژەران هۆنراوە و ئاوازەکان شیدەکەنەوە بۆ تێگەیشتن لەوەی چۆن گۆرانیەکان ڕەنگدانەوەی بەها و بیروباوەڕی کەلتووری دەکەن. بۆ نموونە، گۆرانی فۆلکلۆری دەتوانرێت لە ناوچەیەکی دیاریکراو بخوێنرێت بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری مێژوو و سیاسەت لەسەر موزیک .

**چاوپێکەوتن لەگەڵ هونەرمەندان:** چاوپێکەوتن لەگەڵ  موزیک ژەنانی ناوخۆیی بۆ تێگەیشتن لە ئەزموونەکانیان و کاریگەری کەلتوورەکانیان لەسەر  موزیکەکەیان.

## سێیەم/ فێستیڤاڵەکانی  موزیک

**دۆکیۆمێنتکردنی ڕووداوە کەلتوورییەکان:** لە کاتی ڤیستیڤاڵەکانی موزیک دا، نمایشە ڕاستەوخۆکان دۆکیۆمێنت دەکرێن و زانیاری لەسەر شێوازە جیاوازەکانی موزیک کۆدەکرێتەوە. ئەمە دەتوانێت یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێککردنی کۆمەڵگەکان لەگەڵ موزیک و ئاهەنگگێڕان.

**ئاڵوگۆڕی کەلتووری:** لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی کاریگەری ڕووداوە کولتوورییەکان لەسەر ناساندنی توخمەکانی موزیکی نوێ بۆ کەلەپووری خۆجێی.

## چوارەم/ پرۆژەکانی پاراستنی کەلەپوور

**دەستپێشخەرییەکانی کۆمەڵگە:** هەندێک کۆمەڵگا کار لەسەر پرۆژە دەکەن بۆ پاراستنی موزیکی نەریتی، وەک دروستکردنی ئەرشیفی دیجیتاڵی گۆرانییە تەقلیدییەکان. ئەم گۆرانی و موزیکانەش لە ڕێگەی ڕووپێوی مەیدانیەوە دۆکیۆمێنت دەکرێن، کە یارمەتیدەردەبن بۆ پاراستنی کەلەپووری کەلتووری نەتەوەیی لەداهاتوودا.

**وۆرکشۆپی پەروەردەیی:** ڕێکخستنی وۆرکشۆپ بۆ فێرکردنی نەوەی نوێ دەربارەی موزیکی تەقلیدی، بەمەش یارمەتیدەر دەبێت بۆ گواستنەوەی زانیاری کەلتووری لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکیتر.

## پێنجەم/ کارلێک لەگەڵ تەکنەلۆژیا

**بەکارهێنانی ئەپڵیکەیشنەکان:** هەندێک لە توێژەران ئەپڵیکەیشنی مۆبایلی زیرەک بەکاردەهێنن بۆ کۆکردنەوەی داتا دەربارەی موزیکە ناسراوەکان، ئاسانکردنی پشکنینی مەیدان و دابینکردنی ئامرازێکن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری بە شێوەیەکی کاریگەر.

**شیکردنەوەی دیجیتاڵی:** شیکردنەوەی داتای موزیک بە بەکارهێنانی نەرمەواڵە (پرۆگرامەکان) بۆ تێگەیشتن لە شێواز و ئاڕاستەی موزیکی تەقلیدی.

بەکارهێنانی ئیتنۆموزیکۆلۆجی لە ڕووپێوی مەیدانی گۆرانی و موزیکی نەریتی تێگەیشتنێکی قووڵ لە پەیوەندی نێوان موزیک و کەلتوورەکان بەرز دەکاتەوە. بە کۆکردنەوە و شیکردنەوەی داتاکەکان، توێژەران دەتوانن کەلەپووری موزیکی دۆکیۆمێنت بکەن و بۆ نەوەکانی داهاتوو بیانپارێزن.

## ئیتنۆگرافیا - الاثنوغرافيا

ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی بوارێکی خوێندنە کە شوێنەوارناسی و ڕەگەزپەرستی تێکەڵ دەکات، و ئامانجی تێگەیشتنە لە کەلتوورەکانی ڕابردوو لە ڕێگەی بەڵگەی فیزیکی و چوارچێوەی کەلتووری. چەندین چەمک و زانستی پەیوەست بە ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی هەیە، لەوانە:

١. **مرۆڤناسی:** مرۆڤناسی مرۆڤ لە لایەنە جۆراوجۆرەکانەوە دەخوێنێت، چ کەلتووری، کۆمەڵایەتی یان بایۆلۆجی. دابینکردنی بنەمای تیۆری کە یارمەتیدەر بێت بۆ تێگەیشتن لە کردارە کولتوورییەکان بە درێژایی مێژوو.
٢. **شوێنەوارناسی:** تیشک دەخاتە سەر خوێندنی کەرەستەی شوێنەوارناسی، لەوانە ئامرازەکان، تەلارسازی، و گۆڕەکان، بۆ تێگەیشتن لە کۆمەڵگاکانی ڕابردوو. هەروەها ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی ئەم ماددانە بەکاردەهێنێت بۆ تێگەیشتن لە چۆنیەتی ژیانی ئەم کۆمەڵگایانە لەڕابردوودا.
٣. **کۆمەڵناسی:** بنەما کۆمەڵایەتیەکان بەکاردەهێنێت بۆ سەیرکردنی شێواز و پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکان لە نێوان کەلتوورەکانی ڕابردوو و هاوچەرخ.
٤. **دینامیکی کەلتووری:** لێکۆڵینەوە لە چۆنیەتی گۆڕانی کەلتوورەکان و کارلێک کردنیان لەگەڵ کات دەکات. ئەم زانیاریانە یارمەتیدەرە بۆ شیکردنەوەی گۆڕانکارییە کەلتوورییەکان کە لەوانەیە لە جێگایە شوێنەوارییەکاندا دەربکەون.
٥. **کۆمەڵناسی شار:** یارمەتیدەرە لە لێکۆڵینەوە لە کاریگەرییە کۆمەڵایەتییەکان لەسەر تێکستە شوێنەوارییەکان، بەتایبەتی لەکاتی شیکردنەوەی شارە دێرینەکان.
٦. **مرۆڤناسی کولتووری:** ڕێگایەکە بۆ تێگەیشتن لە سیمبول و ماناکان لە کەلتوورە کۆنەکان، هەروەها یارمەتیدەرە بۆ تێگەیشتن لە تێکستەکانی کەلتووری لەسەر بنەمای شیکارییە شوێنەوارە کۆنەکان.

٧. **سایکۆلۆژیای کولتووری:** یارمەتیدەرە لە تێگەیشتن لە چۆنیەتی کاریگەری کەلتوور لەسەر هەڵسوکەوتی تاک و کۆمەڵگا، کە یارمەتیدەرە بۆ ڕوونکردنەوەی هەندێک کرداری کەلتووری ئەمانەش زیاتر لەتۆمارە شوێنەوارییەکاندا دەردەکەون. لە ڕێگەی کارلێکردنی نێوان ئەم زانستانە.

ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی هانی توێژەران دەدات وێنەیەکی گشتگیر دروست بکەن کە چۆن تاکەکان و کۆمەڵگاکان بە درێژایی سەردەمەکان کارلێکیان لەگەڵ ژینگەی کەلتووری و فیزیکی خۆیان کردووە.کەواتە دەتوانین بڵێین، ئێتنۆگرافی و ڕەگەزناسی بوارەکانی خوێندنی کەلتوور و کۆمەڵگاکانی مرۆڤن، بەڵام لە بۆچوون و ئاراستەکردندا جیاوازن.

## زانستی ئێتنۆگرافی جەخت لەمانەی خوارەوە دەکاتەوە

١- ئێتنۆگرافیا، جەخت دەخاتە سەر خوێندنی کەلتوورەکان لە ڕێگەی چاودێری ڕاستەوخۆ و کارلێک لەگەڵ تاکەکان لە ژینگەی سروشتی خۆیان.

٢- توێژەرانی ئێتنۆگرافیا شێوازەکانی وەک چاوپێکەوتن، چاودێری مەیدانی و بەڵگەنامەی بینراو بەکاردەهێنن بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانە، دابونەریت.

٣- ئامانج توێژینەوە ئێتنۆگرافیاکان بریتین لە دابینکردنی وەسفێکی ورد و قووڵ بۆ ژیانی کۆمەڵایەتی و کەلتووری تاکەکان یان گروپە پەیوەندیدارەکانە.

## زانستی ڕەگەزناسی جەخت لەمانەی خوارەوە دەکاتەوە

١- ئارەزوومەند بوون لە بەراوردکردنی کولتوورەکان و تێگەیشتن لە تایبەتمەندی گشتی و هاوشێوە و جیاوازی نێوانیان.
٢- ڕونکردنەوەی چەمکە تیۆرییەکان بۆ لێکۆڵینەوە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتی و کەلتوورییەکان و ئەزموونی گروپە جیاوازەکان.
٣- زانستی ڕەگەزناسی پشت بە داتای فراوان دەبەستێت کەلە زۆرترین توێژینەوەدا بۆ شیکردنەوەی تیۆری یان بەراوردکاری بەکارهاتوون.

کەواتە دەتوانین بڵێین، ئێتنۆگرافی دەشێت باسی تایبەتمەندی وردی کولتوورێکی دیاریکراو بکات، لە کاتێکدا ئێتنۆلۆجی جەخت لەسەر شیکردنەوەی بەراوردکاری نێوان کولتوورە جیاوازەکان دەکات.

## بنەما تیۆریەکانی میتۆدی ئیتنۆگرافیای شوێنەوار ناسی

ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی لقێکە لە شوێنەوارناسی کە تیشک دەخاتە سەر خوێندنی کەلتوورە کۆنەکان لە ڕێگەی بەڵگەی فیزیکییەوە کە کۆمەڵگا کۆنەکان بەجێیان هێشتووە، هەروەها هاوکات میتۆدەکانی تیۆری و میتۆدی مرۆڤناسی کۆمەڵایەتی و کەلتووری تێکەڵ دەکات. کەئەمانەی خوارەوە چەند بنەمایەکی تیۆری و میتۆدی ئەم بوارەن:

**یەکەم// بنەما تیۆریەکانی**

١. **کارلێکردنی کۆمەڵایەتی:** ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی جەخت دەکاتە سەر تێگەیشتن لە چۆنیەتی کارلێککردنی تاک و گرووپ لە چوارچێوەی کەلتووری جیاواز، لە ڕێگەی بەڵگەی شوێنەوارناسی. ئەمە شیکردنەوەی کردارە کۆمەڵایەتی، ئابووری و ئایینییەکان لەخۆ دەگرێت.
٢. **کات و شوێن:** چوارچێوەی کات و شوێن یەکێکن لە بنەما گرنگەکانی ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی بۆ تێگەیشتن لە کاریگەریەکانیان بەسەر تاک و کۆمەڵگا. توێژینەوەکان ئەوە لەبەرچاو دەگرن کە چۆن کەلتوورەکان بە تێپەڕبوونی کات پەرەیان سەندووە و چۆن ژینگەی دەوروبەر کاریگەری لەسەر ژینگەی ناوەکی هەیە.
٣. **توخمە فیزیکیەکان:** ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی جەخت لەسەر گرنگی بەڵگەی فیزیکی (وەک ئامراز و باڵەخانەکان) دەکاتەوە وەک ئامرازێک بۆ تێگەیشتن لە ژیانی ڕۆژانە و کارلێککردنی مرۆڤ لەگەڵ ئەو ژینگەی کەلێی دەژیت.

٤. **گێڕانەوەی کەلتووری:** هەوڵ دەدات چیرۆکی کەلتووری شارستانیەتییە ونبووەکان لە ڕێگەی داتای شوێنەوارییەوە بنیات بنێتەوە و ڕێگە بە تێگەیشتنی زیاتر لە ئەزموون و باوەڕەکانیان دەدات.

**دووەم// بنەما میتۆلۆجیەکان**

١. **چاودێری و دۆکیۆمێنت:** کاری مەیدانی بریتییە لە چاودێریکردنی وردی چالاکییە کلتورییەکان لە ناوچە شوێنەوارییەکان و دۆکیۆمێنتی سیستماتیکی چاودێریکردن.
٢. **شیکردنەوەی بەڵگەی فیزیکی:** توێژەران شێوازی زانستی بەکارێنن بۆ شیکردنەوەی ئامراز و مادده دۆزراوەکان، وەک شیکاری کیمیایی یان لێکۆڵینەوەی بەڵگەی ژینگەیی بەتایبەتی بۆ ئامێر و کەل ە پەلە موزیکییە کۆنەکان.
٣. **تێکەڵکردنی داتاکەکان:** سوود وەرگرتن لە چەندین سەرچاوە، وەک سەرچاوەکانی پەرتووکی پیرۆز و تۆمارە مێژووییەکان، بۆ پەرەپێدانی تێگەیشتنێکی گشتگیر لە کلتورەکانی خوێندن.
٤. **بنیاتنانەوەی کەلتووری:** پێویستی بە وروژاندنی گریمانە و گومان هەیە کە یارمەتیدەر دەبێت بۆ تێگەیشتن لە دینامیکی کەلتوورە کۆنەکان و دیزاینکردنی ئەزموونی کەلتووری نوێ.

دواجار، دەتوانین بڵێین ئێتنۆگرافیای شوێنەوارناسی شێوازێکی یەکخراوە، کە تیۆرییەکانی مرۆڤناسی و میتۆدەکانی شوێنەوارناسی تێکەڵ دەکات و تێڕوانینێکی دەوڵەمەند بۆ ژیانی کەلتووری و کۆمەڵایەتی شارستانیە دێرینەکان دەستەبەر دەکات.

## گرنگی زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و کاریکەری گۆرانی و موزیک لەپەروەردە و فێرکردنی تاک و کۆمەڵگا

### پێشەکی

لەم باسەدا جەخت لە گرنگی لایەنەکانی ئیتنۆموزیکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و گەشەسەندنی لە بواری گۆرانی و موزیک بە گشتی و گۆرانی کوردی کراوەتەوە لەنێو پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، بە مەبەستی سوود وەرگرتنی زیاتر لەم زانستە، ڕێگا و تیۆر و بیر و بۆچوونە فەلسەفییەکانی هەریەک لە فەیلەسووفەکانی وەک ((ئەرستۆ، ئەفلاتون، کایزر، برونیسلاف مالینۆفیسکی، ڕاد کلین براون، ڕۆد بەنەدێکت، میللەر..)) و چەندین قوتابخانە و کەسایەتی و زانای پەروەردەیی و موزیکی کراوە و بۆچوونەکانییان خراونەتە بەرباس و لێکۆلینەوەی ورد.

هەروەک ڕوون و ئاشکرایە هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی زانستێکن کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەوخۆیان هەیە لەسەر ناخ و دەروون و هەست و سۆز و زانین (مەعریفە) و هزری تاک، لەم باسە تیشک خراوەتە سەر دیاریکردن و خستنە ڕووی باشترین ڕێگا پەروەردەییەکان لەکاتی ئەنجامدان و جێبەجێکردنی بابەتە موزیکییەکان لە پەروەردە و فێرکردن لە گشت ناوەندەکانی خوێندن، دواتر چارەسەرکردنی کێشە و کەم و کورییەکان لە ڕێگەی خستنە ڕووی بیردۆز و بۆچوونەکانی هەریەک لەم زانایانەی لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کردوون. بە مەبەستی گەشەسەندنی موزیکی کوردی و ناساندنی لەلایەن نەوەی نوێ و پەروەردە کردنییان. لە ڕێگای ئاڕاستە تیۆرییەکان، ئاڕاستەی بڵاو بوونەوەی کولتووری، ئاڕاستەی وەزیفی کولتووری، وەزیفەی دەروونی، وەزیفەی پەروەردەیی، وەزیفەی کۆمەڵایەتی و ئاڕاستەی کولتووری مەعریفی، کە ئەمانە گشتییان جومگە سەرەکییەکانی بواری پەروەردە و فێرکردنن لەکۆمەڵگادا. هەروەها ڕۆڵی کاریگەرییان لە بەرەوپێشبردنی تاک و خێزان دەبێت و کۆمەڵگا بەرەو شارستانییەت و داهێنان دەبەن.

## ڕۆڵ و گرنگی موزیك و گۆرانی لە ڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا بە شێوەیەکی گشتی دوو بواری سەرەکی لەخۆ دەگرێ ئەمانیش بایۆلۆجی و کولتوورییە. لە ئێستادا زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینیوە، هەروەها بەردەوام لە پێشکەوتن دایە، لێکۆلینەوەی زانستی و مەیدانی لە بوارەکەدا زۆر بەخیرایی بوارە پسپۆرییە وردە جیا جیاکانی ئەنترۆپۆلۆجیا بەرەو فراوان بوون و گەشەسەندن ئەبەن.

ئەنترۆپۆلۆجیا هەروەک چۆن لەگەل زانستە کۆمەلایەتییەکانی تر پەیوەندییەکی بەهێزی هەیە ئاواش لەگەل لایەنەکانی پەروەردە تێکەڵ کێش بووە بۆیە پەروەردە و فێرکردن لە ئێستا وەک لقێک لە لقەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا سەیردەکریت.

دەرکەوتنی ئەنترۆپۆلۆجیا لەڕووی مێژووییەوە دەگەرێتەوە بۆ زانای کۆمەلناسی بەناوبانگ ئێمیل دوورکهایم سالی(١٩٢٢- ١٩٢٥) لە میانەی لێکۆلینەوەکانی لە سیستەمی پەروەردە دا دەریخست کۆمەڵگە دەتوانێ خۆی لەگەل دەزگا پەروەردەییەکاندا بگونجێنێ. دوورکهایم ڕۆلی قوتابخانە بە گرنگ لە پۆلێنکردنی توانای تاکەکاندا لەنێو پەیوەندییە کۆمەلایەتییەکان وەسف دەکات، بۆیە بە دامەزرێنەری ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووری دادەنرێت و جەخت لە لێکۆلینەوە و شیکردنەوەی ناوەرۆکی پرۆسەی فێرکردن دەکاتەوە. لە چوارچێوەی چەند تێۆرێکی تایبەت بە زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا کە زیاتر پەیوەستن بە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی بابەتەکانی کولتوور، کەسایەتی، مەعریفە، بۆچوون، درکی تاك و تێروانینی زانستی جیاواز لە بواری مەعریفە و بوونیادی کەسایەتی تاک بە گشتی. لێرەدا مەبەست ئەوەیە مرۆڤ چۆن سەیری خودی خۆی و کەسانی دەوروبەری و سەیری کۆمەڵگا و جیهان دەکات. بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە خوێندنەوەیەکی وردی ئەنترۆپۆلۆجیانە بۆ هەریەک لە چەمکەکانی کولتوور، کەسایەتی، درک پێکردنیان و مەعریفە بکەین و بەوردی ئاراستەکان بخەینە بەرباس و ڕوونکردنەوە و گفتوتۆی تێر و تەسەل لە بارەیانەوە بکەین.

**ئاڕاستە تیۆرییەکان**

ئاڕاستە تیۆرییەکانی ئەنترۆپۆلۆجیا تەوەرێکە لە تەوەرە سەرەکییەکانی ئەم باسە. لەم بابەتەدا تیشک خراوەتە سەر بابەتی گۆرانی و موزیک لە بوونیادنانی کەسایەتی تاک. دەرکەوتنی ئاڕاستە تیۆرییەکان لە هەمان ماوەی دەرکەوتنی ئاڕاستەی کەلتووری و وەزیفی بوون. سەرهەڵدانی ئاڕاستەی کولتووری و جەختکردنەوەی لەسەر ڕەهەندی ئیتنۆگرافیا بۆ لێکۆڵینەوە لە دیاردەکانی موزیکی لە سیاقی کولتووری و کۆمەڵایەتی گشتین و لە چوارچێوەی تایبەتمەندییەکانی کولتووری کۆمەڵێکی دیاریکراو دەست پێدەکات، ئەم ڕەهەندانەی کەپەیوەستن بەم ڕەفتارانەی لە ژینگەیەکی تایبەت بە چالاکییەکانی موزیکی بۆ مەبەستی تێگەیشتنێکی قووڵی ڕاستەقینە لە کارە موزیکییەکان دێتە ئاراوە.

ئەم ئاڕاستەیە پێی وایە دیاردەکانی موزیکی ناتوانرێ بە ئاسانی تێیانبگەین، بۆ تێگەیشتنیان پێویستە خوێندنەوەمان هەبێت لەم چوارچێوە کولتووری و کۆمەڵایەتییانەی کە ئەم دیاردەیە تیایدا ڕوودەدات. واتە لە تێروانینی ئەنترۆپۆلۆجی، چەقی پەیوەست بە بابەتی تیۆری، چەمکی (کولتوورە) لە چوارچێوەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووری، چەقی لیکۆڵینەوەکان لە خۆدەگرێت. پێویستە ئەم ڕاستیە بزانین مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت کولتوورێکی تایبەت بەخۆی هەیە، دەرکەوتنی کولتووری مرۆڤ پەیوەستە بە کۆمەڵێك خاسیەت و تایبەتمەندیی جەستەیی و فیزیکی مرۆڤ کە لە ماوەی قۆناغەکانی گەشەسەندندا (Evolution) لە پێناو بەدەست هێنانی کولتوور بە دەستی هێناوە، فراوان بوون و پێشکەوتنی مێشك و سیستەمی دەماری ناوەندی دەگرێتەوە لەگەڵ تواناکانی بەدەست هێنانی زماندا.

لێکۆڵینەوەکانی جینات و DNA پیشانمان دەدات کە چۆن خاسیەتەکانی فیزیکی بۆماوەیی (الوراثیة) لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر گواستراوەنەتەوە، لە کاتێکدا سەبارەت بە کولتوور هیچ شتێکمان بۆ ڕوون ناکاتەوە. گرنگترین بۆچوونەکانی زانای بەناوبانگی ئەنترۆپۆلۆجیا (برۆنیسلاڤ مالینۆفسکی) دوای ئەنجام دانی توێژینەوە مەیدانییەکەی لە دوورگەکانی ترۆبریاند لە سالی ١٩١٥ تا ١٩١٨ دا خستبوویە ڕوو سەبارەت بە شیکرنەوەی کولتوور، بوون بە بنەمایەك لە نێوەندەکانی زانستیدا بە تایبەتی ئەوەی پەیوەستە بە وەزیفەی کولتوور بۆ پێگەیانەنی کۆمەڵایەتی و کولتووری تاکەکەس، بە تایبەت تر پێداویستییە سەرەکییەکانی بایۆلۆجی ئۆرگانیزمی مرۆیی وەهەر شتێك پەیوەست بێت بە مرۆڤ و کولتوور.

سەبارەت بە لایەنەکانی تری وەك ئایین، هونەر، فەلسەفە، مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت فێری ئەم لایەنانە دەبێت بۆ فێربوونی ڕەفتارەکانی بە مەبەستی ڕێکخستنی ژیانی، وەک پاڵنەرێکە بۆ سەقامگیریی کۆمەڵگا و گۆڕانی کۆمەڵایەتی. مالینۆفسکی پەیڕەوەی ئاراستەی وەزیفی دەکرد و هاوڕا بوو لەگەڵ هاوڕێکەی (رادکلیف براون) کە بانگەشەی توندییان دەکرد دژی ئاراستەی **پەرەسەندن** و ئاراستەی مێژوویی.

ریکەچی ڕووت بەنەدیکت، زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا بە زانستە مرۆڤایەتییەکان دەبەستێتەوە و باس لە سۆزداری مرۆڤ و ڕەوشت و عەقلانییەت دەکات. چەمکەکانی سۆزداری مرۆڤ و عەقلانییەت و پێکهاتی سمبۆڵی بە یەکەوە گرێ دەدات. مالینۆفسکی لە لێکۆلینەوەکانی سالی (١٩٤٤) سەبارەت بە پەیدابوونی کولتوور کۆمەڵێك پێداویستی سەرەکی دەخاتەروو کە وەڵام دانەوەن بۆ بوونی کولتوور، پێداویستییەکان ئەم بابەتانە لە خۆدەگرێ: خۆراك، زاوزێکردن، خۆش گوزەرانی جەستەیی. لێرەدا ئەوەی گرنگە بۆ مالینۆفسکی ئەوەیە کە پێداویستییەکانی تاکەکەس لەچوار چێوەی زانستە کۆمەڵایەتییەکان وەك بنەمایەك لێی دەکۆڵێتەوە. یەکێکیش لە پێداویستییە سەرەکییەکان کە مالینۆفسکی ئاماژەی پێدەکات پێداویستی پەروەردەیە، بە مەبەستی گواستنەوەی زانیارییەکان بۆ نەوەکان.

## ئاراستەی بڵاوبوونەوەی کولتووری

دوای ئەوەی ئاراستەی گەشەسەندن (Evolution) توانای تەفسیرکردن و شیکردنەوەی زۆرێك لە ڕووداوەکانی مێژوویی و کەلتووریەکانی نەما، ئاراستەی بڵاوبوونەوەی کولتووری بۆ وەڵام دانەوەی زۆربەی ئەم پرس و بابەتانەی بێ وەڵام مابوونەوە سەری هەڵدا. لێرەدا توێژەران، کۆمەڵێك بیرۆکە لە گۆڕانکاریی بابەتە مێژوویی و کولتووریەکان دەخەنە بەر باس و گفتوگۆکردن کە پەیوەندی ڕاستەوخۆیان لەسەر پەروەردەکردنی تاک هەیە.

بازنەی کولتووری وەك مەیدانێکی داخراو دیاریکرا کە توخمەکانی کولتووری تیایاندا لەگەڵ یەکدا کۆکن، ئەم توخمانە لە هەمان کاتدا لە ڕووی کۆمەڵایەتی و ڕۆحی وەك بەشێك لەم کولتوورە داخراوانە مامەڵەیان لەگەڵدا دەکرا. لە ئەنجامی تێکەڵ بوون و بڵاوبوونەوەی کولتوورەکان پرۆسەی فراوانبوون و کۆچکردنی میللەتان هاتە ئاراوە کە لە هەندێك حاڵەتدا بوو بە مایەی توانەوەی کولتووری (Assimilation). لە ئەنجامی ئەمانەشدا بیرۆکەی

سەرەکی پەیدابوونی ئاراستەیی بڵاوبووەوە (Diffusionism)، کە دواتر بە ئێتنۆلۆجی مێژوویی کولتووری ناسرا. میللەر پێی وایە هۆکاری دەرکەوتنی توخمەکانی کولتووری، سەرچاوەکەی لە توخمە کولتووریەکانی تردا هەیە.

بڵاوبوونەوەی کولتووری، گواستنەوەی سیستەمێکە، یان نموونەیەکی کولتوورییە لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازن، واتە نموونە وەرگیراوەکان، یان گۆڕانکارییان بەسەرداديت، یان هەروەك خۆیان دووبارە بەکار دەهێندرێنەوە. گۆرانی و موزیک وەك نموونەیەکی کولتووری تایبەت بە کۆمەڵگایەکی دیاریکراو کاتێ کە دەگوازرێنەوە لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یان وەك خۆیان ئەمێننەوە، یان گۆڕانکارییان بەسەرداديت، بەتایبەتی لەم کۆمەڵگایانەی کە دراوسێی یەکترن، یاخود نزیکن لە یەکتری، بڵاوبوونەوە و گواستنەوەی ئەم جۆرە نموونە کولتووریانە، یان سیستەمی کولتووری لە نێوانیان دەگوازرێتەوە و ئاڵوگۆڕکێی کولتووری بە زەقی هەستی پێدەکرێت.

نەتەوەکانی کورد، عەرەب، فارس، عەجەم، تورك لەم جۆرە نموونە دیارانەن کە ئاڵوگۆڕی  کولتووری لە نێوانیان دا زۆر زۆرە دیار ترینیشیان بابەتە هونەریەکانن بە گشتی و گۆرانی و موزیکن بە تایبەت. ئەم گواستنەوە کلتووریانە کاریگەریی ڕاستەوخۆ و ناڕاستەو خۆیان دەبێت لەسەر بوونیادی کەسایەتی تاك و دروستبوونی کەسایەتی خێزانەکان لەناو کۆمەڵگاکاندا، لەم ئاڕاستە تیۆرییە دەتوانرێ تاڕادەیەك  ئەرگومێنتی لێکدانەوەی لۆژیکی پێشکەش بکرێت، بەڵام ئەم لایەنە بەشێوەیەکی گشتی ڕوو بەڕووی زۆرترین ڕەخنەی توند بۆتەوە کە زۆر بۆشایی و کەلێنی گەورەشی جێهێشتووە، ئەمانەش بەهۆی ئەوەیە کە نەیتوانیوە لێکدانەوە و شرۆڤەی زانستی نوێ پێشکەش بکات. هەموو ئەمانەش بەهۆی ئەم کێشە و گرفتە زۆرانەن کە لەکاتی گواستنەوەی کلتوورەکاندا ڕوودەدەن، بۆ نموونە کاتێک بابەتێکی هونەری، یان گۆرانی و موزیکێک لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر دەگوازرێتەوە چەندین کۆسپ و تەگەرە ڕوو بەڕوویان ئەبێتەوە، هەروەها جیاوازی خێرایی و لاوازی ئاستی بڵاوبوونەوەکە لە نیوان کۆمەڵگاکان زۆر جیاوازن، بەچی ئامرازێك و ڕێگایەك دەگوازرێتەوە و تەکنەلۆجیا چ ڕۆڵێکی هەیە لە گواستنەوەی ئەم نموونە کولتووریانە. کۆمەڵگای وەرگر تاچ ڕادەیەك ئامادەیە پێشوازی لەم جۆرە نموونانە بکات، ئەمانە کۆمەڵێك پرسیارن پێویستییان بە وەڵام دانەوە و شرۆڤەی زانستی هەیە.

بڵاوبوونەوەی ئەم نموونە کولتوورییانە، یان بە شێوەی مەبەستدار و بەئەنقەست دەبێت، یاخود بێ مەبەست و لەناکاو دەبێت، وەك كاتی كۆچکردن و ئاوارەبوونی میللەتان، ئەم شێوازە لە نموونەی کولتوورییە وەك گۆرانی و موزیک دەگوازرێتەوە بۆ کولتووری کۆمەڵگایەکی تر کە هیچ مەبەستێکی ئێتنۆسێنتری، یاخود ڕەگەز پەرستی لەپشت دا نییە. لەگەڵ ئەمەشدا کاریگەرییان لەسەر پەروەردە و بوونیادی کەسایەتی تاک لە کۆمەڵگای وەرگر دەبێت، جا ئەم شێوازە لە گۆرانی و موزیکی عەرەبی، فارسی، تورکی هەستی پێدەکرێت زیاتر لە بواری هونەری و کەمتر لە سیستەمی پەروەردە و فێرکردندا.

**ئێتنۆسێنتری(Ethnocentrism) /** واتە هەڵسەنگاندن و تێگەیشتن لە کەلتوورەکانی تر لە ڕوانگەی کەلتووری خۆمانەوە؛ بە شێوەیەک کە مرۆڤ یان کۆمەڵگەیەک، کەلتووری خۆی بە ناوەندی (سێنتەر) دادەنێت و یاسا، بەها، هۆنەر، زمان و ڕەفتاری کەلتوورەکانی تر بە پێی ئەو پێوانەی خۆی هەڵدەسەنگێنێت.

**پێناسەیەکی پوخت/** ئێتنۆسێنتری ئەو بیرۆکەیەیە کە: کەلتووری خۆمان باشتر، دروستتر یان پێشکەوتوترە، کەلتوورەکانی تر سەیر، نادروست یان لاوازترن، بۆ نموونە: کاتێک مرۆڤێک موزیکی گەلێک نەتەوەی تر بە "بێڕێک" یان "سەیر" ناساندن، چونکە لەگەڵ سیستەمی موزیکی خۆی ناگونجێت. یان کاتێک توێژەرێک ڕەفتارە کۆمەڵایەتییەکانی گەلێک تر بە پێی یاسا و بەهای کۆمەڵگای خۆی بڕیار دەدات. بێگومان ئەمانەش کاریگەری باش و خراپیان دەبێت:

### کاریگەریە خراپەکان (نەرێنی):

- دروستکردنی پێشبینین و پێداچوونەوەی هەڵە
- کەمتێگەیشتن لە کەلتوورەکانی تر
- دروستبوونی ڕەگەزپەرستی یان کەلتووریەرستی

**کاریگەریە باشەکان لە سنووری دیاریکراودا (ئەرێنی):**

- پاراستنی ناسنامە و کەلتووری خۆی
- هەست بە سەربەخۆیی و یەکگرتوویی کۆمەڵایەتی

لە توێژینەوە و زانستە کەلتوورییەکاندا، تایبەت بە (ئێتنۆموزیکۆلۆجی) ، ئێتنۆسێنتری کێشەیەکی گەورەیە، چونکە، توێژەر دەبێت موزیک و گۆرانیی گەلێک نەتەوە لە ناو کەلتووری خۆیاندا تێبگات، نەک بە پێی پێوانەی موزیکی خۆی، بۆ ئەم مەبەستەش، زانایان پێچەوانەی ئێتنۆسێنتری بەکار دەهێنن کە پێی دەوترێت: ڕێلەتڤیزمی کەلتووری(Cultural Relativism)

ڕێلەتڤیزمی کەلتووری(Cultural Relativism) / بیرۆکە و ڕێبازێکی زانستییە کە پێی وایە هەر کەلتوورێک دەبێت لە ناو خۆیدا تێبگەین و هەڵبسەنگێنرێت، نەک بە پێی پێوانە، یاسا و بەهای کەلتوورێکی تر.

پێناسەی پوختی ڕێلەتڤیزمی کەلتووری واتە: هیچ کەلتوورێک بە شێوەیەکی گشتی (باشتر) یان (خراپتر) نییە، هەر ڕەفتار، باوەڕ، هونەر و موزیکێک لە پەیوەندی بە مێژوو، ژینگە و کۆمەڵگای خۆیدا مانای دەردەخات.

**بنەما سەرەکییەکانی ڕێلەتڤیزمی کەلتووری(Cultural Relativism)**

١. تێگەیشتن پێش هەڵسەنگاندن، سەرەتا دەبێت تێبگەین، پاشان هەڵسەنگێنرێت.
٢. دوورکەوتن لە ئێتنۆسێنتری، واتە کەلتووری خۆمان ناکرێتە ناوەندی بڕیار.
٣. ڕێز لە جیاوازی کەلتووری دەگرێت. جیاوازی، کێشە نییە؛ بەڵکو سەرچاوەی فێربوون شەرتە.
٤. پەیوەندی نێوان هونەر و ژیانی ڕۆژانە، هونەر (وەک موزیک) لە ژیانی کۆمەڵگادا مانا دەهێنێت. وەک: کاتێک موزیکی گەلێک یا نەتەوەیەکیتر گوێبیست دەبین بە (سەیر) ناوی نابەین، بەڵکو دەپرسین ئاخۆ ئەم موزیکە یا دیاردە یا مادەیە لە کام بۆنەدا لەناو ئەم نەتەوەیە بەکار دەهێنرێت؟ چونکە لە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، شێوازی قسەکردن، جل وبەرگ یان ڕێوڕەسمی هاوسەرگیری تا دوایی، لە هەر کەلتوورێکدا مانای جیاواز هەیە. واتە گرنگیی ڕێلەتڤیزمی کەلتووری هۆکاری سەرەکیی تێگەیشتنی ڕاستەقینەی نێوان کەلتوورەکان لەسەر بنەمای توێژینەوە لە (ئەنترۆپۆلۆجی، ئێتنۆموزیکۆلۆجی، زانستە کۆمەڵایەتییەکان). بەکورتی جیاوازی ڕێلەتڤیزمی کەلتووری لەگەڵ

ئێتنۆسێنتری بریتییە لە یەکەم/ ئێتنۆسێنتری: (کەلتووری من پێوانەیە)، دووەم/ ڕێلەتڤیزمی کەلتووری: (هەر کەلتوورێک پێوانەی خۆی هەیە)

نموونەی میتۆدی (شینیتشی سوزیکی) لە زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجی، کە سیستەمێکی پێداگۆکی موزیکی ژاپۆنییە لەلایەن موزیکژەنی بەتوانا سوزوکی (Shiniki Suziki) لەسالانی ١٩٤٠ لەولاتی یابان هاتەکایەوە و لە ڕیگەی ڕێکخراوی پەروەردەی بەهرەمەندی (Talent Education Association) لە یابان سەریهەڵدا و بەسەرتاپای جیهان بڵاو بوووەوە، یان میتۆدەکانی کارڵ ئورف، داڵکرۆز، کۆدای...، باشترین نموونەن بۆ ئاڕاستەی گواستنەوەی کلتووری لەنێوان میللەتان و کۆمەڵگەکانی جیهاندا. هەندێ جار ئەم بڵاوبوونەوە کولتووریانە بە شێوەیەکی ڕاستەوخۆ دەبێت لەکاتی تێکەڵبوونی ئەندامانی کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر، یاخود ناڕاستەخۆ ڕوودەدەن لە ڕێگەی کتێب، نووسراو، توێژینەوە، دەزگاکانی بڵاوکردنەوە، ڕاگەیاندن، هەروەها لە ڕێگەی تەکنەلۆجیای سۆشیال میدیا وەک دیمانە، فیلم، زنجیرە تەلەفزیۆنییەکان.

قوتابخانەکانی ئاڕاستەی بڵاوبوونەوە، سەیری کۆمەڵگا ئەکەن وەك دیاردەیەك لە ژینگەیەکی دیاریکراو، وەك چۆن گۆرانی و موزیك لە سەرچاوەی شوێنێکی دیاریکراوەوە بڵاودەبێتەوە بۆ شوێنێکی تر، پشتاو پشت و دەماو دەم لە نەوەیەکەوە بۆ نەوەیەکی تر دەگوازرێتەوە. جا لەبەر ئەمە دەتوانین بڵێین ئەو لێکچوونانەی سەبارەت بە گۆرانی و موزیکە لە نێوان کولتوورەجیا جیاکاندا هەیە لە ئەنجامی هەندێ ڕاستیدان کە هاوبەشە لە نێوان کولتوورە مرۆییەکان کەسەری هەڵداوە، ئەمەش بۆ مەبەستی تێرکردنی پێداویستی فسیۆلۆجی و دەروونی تاکەکان بووە، بۆیە گۆرانی و موزیک پێداویستییەك بووە بۆ تێرکردنی ئەم ئارەزووە کە لەهەمان کاتدا ڕۆڵی هەبووە لەڕێکخستنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان و یارمەتی دانی بووونیادنانی کەسایەتی تاك لە کۆمەڵگا.

ئاڕاستەی تیۆرەکانی بڵاوبوونەوە، هەروەك لە سەرەتای سەدەی بیستەمەوە دەرکەوتن، توانی تەواوکەری قوتابخانەی پەرەسەندن (Evolution) بێت، هەروەها توانی خزمەتێکی باشی بواری ئێتنۆلۆجی و زانستە کۆمەڵایەتی و مرۆڤایەتییەکان بکات، بەڵام نەیتوانی بە پێی پێویست لێکدانەوەی زانستی هەبێت بۆ کۆمەلێك پرس و بابەتی تر وەك: بابەتی هزری، دەروونی، فسیۆلۆجی، پەیوەست بە بوونیادی کەسایەتی تاك، گەشەی قۆناغەکانی تاک.

## ئاڕاستەی وەزیفی کولتووری

دوایی ئەوەی ئاڕاستەی بڵاوبوونەوەی کولتووری لە لێکدانەوەی بابەتەکانی توخمەکانی کولتووری وەک گۆرانی و موزیک، تووشی ڕەخنەی زۆر بووەوە، چەند ئاڕاستەیەکی تر دەرکەوتن. ئاڕاستەی تیۆری وەزیفیش یەکێک بوو لەم ئاڕاستانەی بۆبابەتی شرۆڤەکردنی کۆمەڵێک پرسی گرنگ لە کۆمەڵگادا دەرکەوت، یەکێکیش لە پێشەنگەکانی ئەم ئاڕاستەیە لە بواری ئەنترۆپۆلۆجیا، زانای ئینگلیزی (برۆنیسلاڤ مالینۆفسکی)، بوو لە هەموو بوارەکانی کولتووری کۆمەڵگای سەرەتایی لەناو کۆمەڵگای ترۆبریاند لە میلانێزیا، کاری لەسەر موزیک کرد و جەختی دەکردەوە کە گۆرانی و موزیکیش وەك یەکێك لە توخمە گرنگەکانی کولتوور پێویستە هەڵوەستەی لەسەر بکرێت. قسەکردن لەسەر بەکارهێنان و وەزیفەکانی موزیك یەکێکە لە بابەتە هەرە گرنگەکانی ئیتنۆموزیکۆلۆجی، ئەم زانستە زیاتر لیکۆڵینەوە لەم ڕەفتارە موزیکیانەی مرۆڤ دەکات، کە لە حەقیقەتی وەسفی موزیکدا زیاتر لە ماناکانی موزیك دەکۆڵنەوە. فاکتەرەکانی وەسفکردنی موزیك، ئەم کاتە گرنگی خۆی ئەبێت، کاتێ موزیك لە پرسە گرنگەکان بەشدارییەکی کارا دەکات، هەروەها کاتێ کە لە کێشە فراوانەکان بۆ تێگەیشتنی دیاردە جیاوازەکان بەکاردێ، پێویستە تێبگەین پەیوەندی موزیك بەم دیاردانە چییە، هەروەها گرنگە بزانین گۆرانی و موزیک چی بۆ خەڵك دەکات و چۆن کار دەکات و وەزیفەکەی چییە. بۆیە ئەم تەوەرە بریتییە لە جیاوازی مانا لە نێوان (بەکارهێنان) و (وەزیفەکان)ی گۆرانی و موزیک. کەئەوەش جیاوازییەکی مانادار و بایەخدارمان پێدەبەخشێت.

ئێتنۆ موزیکۆلۆجیستەکان لە ڕابردوو دا زۆر بایەخییان بەم جیاوازیانە نەداوە، لە ڕاستیدا کێشەکە تائێستا بوونی هەیە. لە ئەنترۆپۆلۆجیادا چەمکی وەزیفی ڕۆڵێکی یەکجار گرنگی لە لایەنی تیۆری و مێژووییدا گێرا، قسەکردن لەسەر ماناکانی ئەم دوو چەمکە پێویستە ڕوون بێت کە تەواوکەری یەکترن و لەبنەڕەتدا بەکارهاتووە وەك ئەوەی کە سەرچاوەیان لە ناو کۆمەڵگادا هەلقولاوە. لە کاتێکدا ئەگەر لە دەرەوە تێبینی بکرێت و حوکمی لەسەر بدرێت لە ڕیگەی بەکارهێنانی هەڵسەنگاندنی شیکردنەوەیی، سەرچاوەکەی ئەو دیاردەییە کە لەناو کۆنتێکستی تایبەتی خۆی لێی دەکۆڵێتەوە.

کاتی بەکارهێنانی موزیك، هەوڵ دەدرێت زانیاری ڕاستەقینەی ڕاستەوخۆ بەدەست بێت لە ڕیگەی تێگەیشتنی قووڵتری لێکۆڵینەوەی دیاردەکانی پەیوەست بە موزیك و گۆرانی. بۆیە لەوانەیە موزیك هەندێکجار لەنێو هەندێ

کۆمەڵگا بەڕێگایەکی دیاریکراوی جیا لە کۆمەڵگاکانی تر بەکار بێت، لێرەدا ئەم جۆرە بەکارهێنانە لەوەیە گوزارشتکردنێکی ڕاستەوخۆ بێت وەك بەشێك لە هەڵسەنگاندنی گۆرانی و موزیکی میللی.

چەمکی وەزیفی لەوانەیە هەندێ جار زۆر جیاواز بێت لەکاتی خەملاندن لە ڕێگەی هەلسەنگاندن و شیکردنەوەیاندا لەم سەرچاوانەی کە هەڵسەنگاندنێکی میللی و سادەی ناو خەڵکی ئاساییین. بۆ نموونە دەتوانرێ هەندێ شت لە بەهاکانی کولتوور بکرێت لە ڕێگەی شیکردنەوەی تێکستەکانی گۆرانی کە چۆن گوزارشت لە تێڕوانینی شیکردنەوەی موزیکی میللی دەکەن.

بۆیە دەرئەنجامەکەی تەنیا لە بەهاکانی تێکستەکانی گۆرانی نییە، بەڵکو بەهاکان لەم تێکستانەی گۆرانی دایە کە کۆمەڵێك وەزیفەی تایبەتی کۆمەڵگا جێبەجێ دەکەن لەڕێگەی ئەو ڕاستییەی کە گوزارشت لە بەهاکان دەکەن. لەوانەیە وەزیفە بە تایبەتی گوزارشت نەکرێ، یان تێی نەگەی لە تێڕوانینی هەڵسەنگاندنی میللیدا.

بەمانای ئەوەی کە ئێمە ئەو زاراوانە بەکاردەهێنین، ئاماژەیەکە بۆ تێگەیشتنی ئەوەی کە موزیك چی بۆ مرۆڤ دەکات هەروەك لەلایەن لیکۆڵەری دەرەکی هەڵسەنگاندنی بۆ دەکرێ کە بەدوای ئەوەدا دەگەڕێ بۆ مەبەستی زیاتر تیگەیشتنی لە ڕێگەی ئەو ئامرازانە دا.

کاتێ کە قسە لەسەر بەکارهینانی موزیك دەکەین، ئاماژە بەو ڕێگایە دەکەین کە بۆ موزیك بەکاردێت لە کۆمەڵگای مرۆییدا لە مومارەسەکردنی داب و نەریتی میللی موزیکی وەك بەهایەکی کولتووری، یاخود وەك لکانی بە چالاکییەکانی تر. موزیك لە بارودۆخێکی دیاری کراودا بەکاردێت و دەبێتە بەشێك لێوەی، بەڵام لەوانەیە لکانێکی قووڵتری نەبێت، بۆیە بەکارهینانی موزیك ئاماژەیەکە بەو بارودۆخەی کە تیایدا موزیك بەکاردێت لە چوارچیوەی کردەوەکانی مرۆڤ. بەڵام چەمکی وەزیفە پەیوەستە بەو هۆکارانەی بەکارهینانی موزیك و بەتایبەتی کاتێ کە خزمەت بە مەبەستیکی دیاریکراو و فراوان دەکات.

چەمکی وەزیفی لە زانستە کۆمەڵایەتی بەکارهاتووە و لە هەریەکەیان بەشێوازێك ڕۆڵی خۆی دەگێرێ. ئەم بەکارهینانە جیاوازانە بۆ سێ جۆری جیاواز پوخت دەکرێتەوە.

یەکەم/ بوونی وەزیفە وەك هاو واتا لەگەڵ (کردەوە) بەکاردێ، وەك بەشیك کاربکات، چالاك بێت. وەزیفەی کولتوور دژبەم جۆرە کولتوورەی شوێنەوار، یان بڵاوبوونەوەیە.

دووەم/ وەزیفە دروست بووە کە ماناکەی پەیوەستە بە شێوازێکی ناهەڕەمەکی، واتە هەموو فاکتەرە کۆمەڵایەتییەکان وەزیفەیان هەیە، بۆیە لێرەدا دەتوانین بڵێین لەکولتووردا هیچ بوونەوەرێك بێ وەزیفە نییە.

سێیەم/ وەزیفە لەمانای فیزیکی پێکەوە پشتبەستنی توخمەکانە کە ئاڵۆزە و نێوەندێکە بۆ ئالوگۆرییەکان دژ بە سادەیی، هەروەها ڕاستەوخۆیە لە بەکارهێنانی موزیك و وەزیفەکانی.

لەکۆتاییدا وەزیفە ئەو مانایە دەبەخشێت کە کاریگەرییەکی تایبەتی هەر توخمێکە بۆ تێرکردنی پێداویستییەکانی بارودۆخێك، وەڵام دانەوەی مەبەستێکە کە بابەتیانە پێناسەکراوە. ئەمە یەکسانە بە وەزیفە لەگەڵ مەبەست کەهەر لەکاتی (هێربێرت سپێنسەرەوە). بەسەر بیرۆکەی بایۆلۆجی زاڵ بووە.

بۆچوونەکانی تیۆری (ڕادکلیف براون). لەئەنترۆپۆلۆجیای هاوچەرخدا بە توندی بەستراوە بە چەمکی وەزیفە، براون جەخت دەخاتە سەر ئەم بەکارهێنانانە، بەڵام بە جێبەجێکردنێکی تایبەتی ئەم سیستەمە کۆمەڵایەتییە. لەم پێناسەیەدا وەزیفە وەك بەشێك لەکۆی گشت چالاکییەکان بەشدارە. وەزیفەی بەکارهێنانی موزیك و گۆرانی تایبەت بە بەشداری کردنی لە هەموو ژیانی کۆمەڵایەتی وەك وەزیفەیەکە لە هەموو سیستەمی کۆمەڵایەتییە لای براون. ئەم دیدە ئەوە دەگرێتەوە کە سیستەمی کۆمەڵایەتی جۆریکی دیاریکراوی هەیە کەئێمە باسی دەکەین وەك یەکەیەکی وەزیفی.

ئێمە لەوانەیە پێناسەی بکەین وەك بارودۆخێك کە تیایدا هەموو بەشەکانی سیستەمی کۆمەڵایەتی پێکەوە کاردەکەن وەك پلەیەکی تەواوی هارمۆنی، یان پێکهاتێکی ناوەکی. بۆ نموونە بەبێ بەرهەمهێنانی ململانێی بەردەوام وەزیفە نە دەتوانرێ چارەسەربکرێت و نە ڕێکبخریت. ڕادکلییف جەخت دەکاتەوە لەسەر دوو خاڵی تر کە لێرەدا گرنگن. یەکێکیان ئەوەیە کە گریمانەکان پێویستیان بە بۆچوونی عەقیدەیی نییە، هەموو شتێکی ژیان لەهەر کۆمەڵگایەك وەزیفەیەکی تایبەتیان هەیە. ئەمەش تەنیا پێویستی بە گریمانەیەك هەیە کە وەزیفەیەکی هەیە و پێویستە بۆ دۆزینەوەیان بگەڕێین. بێگومان ئەو بۆچوونەش کە خراوەتەڕوو لە بەکارهێنانی دووەمی (وەزیفە) وەك تێبینی ئاماژەی پێکراوە.

خاڵی دووەم ئەوەیە کەچی بەدەردەکەوێ، موزیك هەمان بەکارهێنانی هەیە لەدوو کۆمەڵگادا کە لەوانەیە وەزیفەی جیاوازیان هەبێت لە هەردوو کۆمەڵگاکەدا. بەواتایەکی تر بۆ ئەوەی لێکدانەوەیەکی تەواو بۆ بەکارهێنانی کۆمەڵایەتی گۆرانی و موزیک بکەین، هەروەها بۆ ئەوەی بەراوردێکی گونجاو

له نێوان بەكارهێنانەكانی موزیك لەناو خەڵكی جیاواز، یان نەوەكانی جیاواز بكەین، پێویستە وادابنێین كە نەك تەنیا فۆرمی بەكارهێنانی موزیك بەڵكو وەزیفەكانیشی بگرێتەوە.

له زانستی ئێتنۆموزیكۆلۆجیدا ئەم زاراوانە زۆربەی بە گۆڕاوی لەگەڵ یەكتریدا بەكاردەهێنرێن، هەروەها هەمیشە مانایەكی تری تایبەتی هەیە لە كۆنتێكستێكی دیاری كراودا. بۆ نموونە زۆربەی جار تێبینی كراوە كە موزیك لایەنێكی تایبەتی هەیە لە كۆمەڵگا نەخوێندەوارەكان. بۆنموونە لەكاتی ماتەمینی گشتی لەنێو خەڵكی (باسۆگنیی) لەولاتی زائیردا موزیك بەكاردەهێنرێت لەلایەن موزیكژەنە شارەزاكان بۆ مەبەستێكی تایبەت. ئەم ماتەمینە بۆ ماوەی حەوت رۆژ بەردەوام دەبێت كە بەخاك سپاردنی جەنازە وەك نەریتێك لەرۆژی دووەم دەبێـت. موزیك ژەنە شارەزاكان موزیكەكانی خۆیان نمایش دەكەن دوای ئەوەی جەنازەكان بەخاك دەسپێردرێن، بەكارهێنانی ئەم موزیكە ژمارەیەك وەزیفە جێبەجێ دەكات كەرۆڵی گرنگ لە هێوركردنەوەی رەوشی گرژی و خەفەتباری بەرێوەچوونی ماتەمەكە دەبێنێت، هەڵبەتە ئەم نەریتە لە كۆمەڵگای كوردەواری كۆنیش بوونی هەبووە و لەرێورەسمێكی تایبەت بەپرسە بەنێوی (چەمەری) هەمان كار و كاردانەوە لە حەوت رۆژی پرسەدا چالاكی هونەری و گۆرانی و موزیک بەردەوامیان هەبووە.

## وەزیفەی دەروونی- پەروەردەیی (Cultural Relativism)

هەردوو بۆچوونی (کولتووری و وەزیفی) دەتوانرێ لە لێکدانەوەکانی کاریگەریی موزیك لەسەر کەسایەتی و ڕەفتاری تاکەکەس جێگای خۆی بکاتەوە، لەبەر ئەوەی موزیك وەك بەشێك لە کولتوور دادەنرێ، گۆرانی و موزیک دەتوانێ ڕۆڵی گرنگی هەبێت لە گونجانی تاك بۆناو کولتووری کۆمەڵگا، هەروەها وەرگرتنی کولتوور و بەهاکانی بە قووڵی لەناخی تاك جێگیر دەکات و تاك وەك ئەندامێکی کۆمەڵگا هەژمار دەکات. کەواتە لێرەدا تێروانینی ئەنترۆپۆلۆجی تیشك دەخاتە سەر دروستبوونی کەسایەتی تاك لە چوارچێوەی سیاقی کولتووری تایبەت بە چالاکییەکانی گۆرانی و موزیك و پێگە و ڕۆڵیان لە گواستنەوەی بەهاکانی کولتووری بۆ تاك و دروست بوونی کەسایەتییەك کە کۆك و گونجاو بێت لەگەڵ فۆڕم و بەهاکانی کۆمەڵگا، بەمانەش تاك وەك تاکێکی پێشکەوتووی کۆمەڵگا قبووڵ کراو دەبێت.

قووڵبوونەوە و تێگەیشتنی دیاردەی موزیکی بەشێوەیەکی تەواو ڕاست و دروست زۆر گرنگە، چونکە چالاکییەکانی گۆرانی و موزیك دەچنە نێو هەموو بوارەکانی ژیانی کولتووری و کۆمەڵایەتی ئەوەی پەیوەستە بەبابەتی دەنگ، ڕوو چۆتە ناو هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی، کولتووری، ئابووری، سیاسی، دەروونی. ئەم بوارانە بەشدارن لە لێکۆڵینەوەی کۆمەڵگا لە ڕێگەی کارە هونەرییەکان بە گشتی و گۆرانی و موزیك بەتایبەتی دەردەکەوێ ئینجا لە شێوەی ماددی بێت، یان مەعنەوی.

زۆربەی توێژینەوە زانستییەکان کە لەسەر کاریگەریی گۆرانی و موزیک ئەنجام دراون بەڵگەن سەبارەت بەم ڕاستییەی کە هەر لەوکاتەی تاک لەناو سکی دایکیەتی هەست بە لەرەلەرەی دەنگەکانی گۆرانی و موزیک دەکات، هەروەها کاریگەریی بەرچاویان لەسەر گەشەی کۆرپەلەکە دەبێت. دوای هاتنە دونیای تاکێکی نوێ. دەنگی دایك لە ئارام کردنەوەی کۆرپەلە لەکاتی گریان و خەوتنی کاریگەریی زۆری دەبێت. لەڕووی دەروونییەوە گۆرانی و موزیک ڕۆڵی خۆیان دەبینن لە بوونیاتنانی کەسایەتییەکی پتەو بۆ تاکەکانی ناو کۆمەڵگا، کە دووربێت لە توند و تیژی، ئەمانە وادەکەن لایەنی دەروونی تاکەکان هێمن و لەسەرخۆ و جێگیربن. لەبەر ئەمە گۆرانی و موزیک لەپاڵ وەزیفەی پەروەردەیی، وەک وەزیفەیەکی دەروونی گرنگ و کاریگەر ڕۆڵ بۆ بوونیادنانی کەسایەتی لەتاک دەبینێ.

سەبارەت بە ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لە وەزیفەی پەروەردەیی سەرەتا لە یەکەم دەزگای پەروەردەیی دەست پێ دەکات کە ئەویش خێزانە، گۆێگرتن و بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لەناو خێزاندا کاریگەریی بەرچاویان لەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاک هەیە بەتایبەتی ئەم موزيك و گۆرانیانەی کەبە فۆڕم و شێوازی ئارام بەخش کاریان لەسەر کراوە، لەڕووی پەروەردەییەوە ڕەفتاری تاک بەرەو کەسایەتی ئارام و هێمن و هاوسەنگی دەبات. کاتێ گۆرانی و موزیک لە چوارچیوەی خێزان وەك ئامرازێکی پەروەردەیی بەکاردێت ئەرکی بەشداریکردن ئەبێت لە پەروەردەکردنی تاک تا ئەندامێکی تەندروست لە کۆمەڵگادا بەرهەم بێت. بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک بە شێوەیەکی کارا لەناو ئەم خێزانانەدا کەخۆیان موزيك ژەن و گۆرانی بێژن ڕۆڵی یەکجار گەورەتری دەبێت لەوەی کە تەنها گوێگربیت، هەروەک لەڕێگا پەروەردەییەکانی ڕێگاکانی (سوزوکی) جەختیان لێکراوەتەوە. چونکە پەروەردەی تاک لەم ژینگە هونەرییە دەبێتە پاڵنەرێك تاک بەرەو کەسایەتییەکی هاوسەنگ و جێگیر ڕادەکێشێت بەبێ ئەوەی تاکەکە ویستی لەسەر بێت.

دوای دامەزراوەی خێزان، قوتابخانە بە وێستگەی دووەم دائەندرێت، وەك دامەزراوەیەك وەزیفەیەکی پەروەردەیی گرنگی و ڕۆڵی لە فێرکردنی تاک هەیە، لەبەر ئەمە بەکارهێنانی گۆرانی و موزیک لە قوتابخانەکاندا وەك ئامرازێك لە بوونیادنانی کەسایەتی تاک یارمەتیدەرە لە هێورکرنەوەی دڵەراوکێی لە کاتەکانی خوێندنی، وانەکانی هونەر بە گشتی و گۆرانی و موزیک بەتایبەتی لە خوێندنگاکاندا لە بواری پەروەردە و فێرکردن پشکی شێریان بەردەکەوێت، هەمیشە زانایانی بوارە جیاجیاکانی پەروەردە جەخت لە گرنگی بابەتە هونەرییەکان بۆ بەرزکردنەوەی توانای گوێگرتن و ئەزبەرکردن دەکەنەوە، کەواتە گۆرانی و موزیک وا لە فێرخوازان ئەکات لە دوای هەستکردنییان بە شەکەتی جارێکیتر ماندوو بوونیان بحەسێتەوە و ناخ و دەرونییان ئاسوودەبێت و جارێکی تر ئامادەبن بۆ وەرگرتنی زانیاریی لە وانەکانی دواتردا، بەم هۆیەشەوە تاکەکان بە کاتێکی زووتر و ماندوو بوونێکی کەمتر و تێچووێکی کەم زۆرترین بابەتی زانستی و سوودی پەروەردەیی وەرگرن.

پەروەردە و فێربوون لە ڕێگای گۆرانی و موزیک نەک تەنها لە وانەی سروود، بەڵکو لە وانەکانی تری وەک کوردی، بیرکاری، ئینگلیزی... سوودی زۆریان لێوەرگیراوە و لە خوێندنگا پێشکەوتووەکاندا زۆر گرنگی بەم بوارە ئەدرێت، لە ڕێگای دروستکردنی تاقیگەی موزیکی تاکەکان فێری گۆرانی چڕین، گوێگرتن، ژەنینی ئامێرەموزیکییەکان دەکرێن، ئەم جیاوازیەی لەنێوان قوتابخانە پێشکەوتووەکان و قوتابخانە ئاساییەکاندا هەن زۆر بەڕوونی لەکاتی وەرگرتنەوەی نمرەکانیان بەدیار دەکەون، لە لایەکی تر مەعریفەی فێرخوازەکانیان فراوانتر و ئاستی چێژ وەرگرتنیان بەڕادەیەکی بەرچاو هەستی پێدەکرێت. ئەمانەش بێگومان کاریگەریی ئەرێنی لەسەر گەشەسەندنی توانستی زانستی تاک هەیە، هەروەك زۆرێک لە توێژینەوە زانستییەکان ئەمەیان پشت ڕاستکردۆتەوە.

### ٢-٣-٤- وەزیفەی کۆمەڵایەتی

وەزیفەی کۆمەڵایەتی گۆرانی و موزیك بەشێوەیەکی بەرفراوان بەستراوەتەوە بە ڕەفتاری کۆمەڵایەتی، ئەمەش بەپێی تیۆری ئیتنۆموزیکۆلۆجی ڕەفتاری کۆمەڵایەتی موزیکی بۆسەر سێ بەش دابەش دەکرێت.

**یەکەم/ ڕەفتاری فیزیکی،** دابەش دەبێت بەسەر دووبەشی سەرەکی ئەمانیش گرژی دەنگ لە ڕووی فیزیکی و دۆخی جەستەن لە بەرهەمهێنانی دەنگ، کە دەبنە کاردانەوەی فیزیکی و ئۆرگانیزمی تاك بۆ دەنگ.

**دووەم/ ڕەفتاری کۆمەڵایەتی،** دروست بوونی ڕەفتارێکی پێویستە بۆ تاك، چونکە تاکی موزیسیان و ناموزیسیانیش پیویستی بەم ڕەفتارەیە بەتایبەتی لەکاتی بەڕێوەچوونی کۆنسێرتێک، یان هەر کارێکی موزیکی.

**سێیەم/ ڕەفتاری کرداری،** پەیوەستی بە دەربڕینی پێکهاتەی کردارە دەربارەی سیستەمی موزیکی، ئەمەش لە ڕێگەی ئەو ڕەفتارەی کاتێ کە دەنگی موزیکی بەرهەم دێت، بە بێ ئەو ڕەفتارە هیچ دەنگێکی موزیکی بوونی نابێت.

ڕەفتار خۆی لەخۆیدا دەکەوێتە ژێر باری ئاستی سێیەم کە ئەمیش ئاستی تێگەیشتنی چەمکی موزیکەکەیە. بۆ ئەوەی لە سیستەمی موزیکی کاربکەیت، پێویستە لەسەر تاك پێش هەموو شتێك تێبگات چ جۆرە ڕەفتارێك چ جۆرە دەنگێکی پێویست بەرهەم دێنێت. ئەوەش بە تەنیا لەڕێگەی ڕەفتاری فیزیکی، کۆمەڵایەتی، کرداری ناکرێت، بەڵکو پێویست بەو تێگەیشتنە دەکات کە موزیك چیە و چۆن جێبەجێ دەکرێت، ئەو پرسیارانە ئەوە دەگرێتەوە وەك

جیاوازی لە نێوان موزیك و ژاوە ژاو. هەروەها ئەو سەرچاوەیەی کە موزیکی پێ وێنا کراوە، سەرچاوەکەی تواناکانی موزیکی تاکە لە قەبارەی گونجاو لەناو گرووپی موزیکی. بۆیە بەبێ چەمکەکانی موزیك ڕەفتار ڕوونادات هەروەهاش بەبێ ڕەفتار دەنگی موزیك بەرهەم نایەت، لێرەدا ڕەفتاری موزیکی لە ئاستێکدا دەبێ کە بەهاکان دەربارەی موزیك بوونی هەبێ ئینجا بە تەواوی و بەوردی ئەو بەهایانە فیلتەر کرابن، هەموو ئەمانەش دەکرێت لە ڕێگەی سیستەمێك بۆ ئەنجام دانی بەرهەمی موزیکی کۆتاییان بێت.

شایەنی باسە موزیك کۆمەڵێك وەزیفەی کۆمەڵایەتی دەرەخسێنێ، یەکێك لەم وەزیفانەش (خۆش گوزەرانییە) لە کۆمەڵگادا پێشکەشی تاکەکانی دەکات. ئەم وەزیفەیەش لە کۆمەڵگایەك بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، بۆ نموونە لە وولاتانی ڕۆژئاوا ئەم خۆش گوزەرانییە  پاراو دەبێت بە بوونیادێکی تایبەتی موزیك. چونکە وەزیفەی خۆش گوزەرانی تەنها وەزیفەی گۆرانی و موزیک نییە و لکاوە بە وەزیفەکانی تری کۆمەڵگا و تەواوکەری ئەمانی ترن، بەڵام وەزیفەی خۆش گوزەرانی لە کۆمەڵگا سادە و نەخوێندەوارەکاندا  بە بەربڵاوی بەدی دەکرێت. بۆیە لەڕووی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنەوە موزیك و گۆرانی دەتوانن ژینگەیەکی خۆش گوزەرانی گونجاو  بۆ تاکی کۆمەڵگا بڕەخسێنن بەتایبەتی تاک کە هەست بە خۆشی و گەشبینی بکات لە ژیان لە ڕێگەیەوە، ئەمەش بۆ کەسایەتی تاک و متمانە بەخۆ بوون لە پرۆسەی فێربوون  ڕۆڵێکی ئەرێنی باشی ئەبێت.

یەکێکی تر لە وەزیفەکانی گۆرانی و موزیک وەزیفەی  **(پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە)**، ئەمەش بەهۆی ئەوەوەیە کە موزیک زمانێکی جیهانییە و موزسیانەکان زۆر بە ئاسانتر لە بابەتە زانستییەکانی تر دەتوانن پەیامەکانییان بڵاوبکەنەوە و بیدەن بە گوێی ناوچەکانی دەوروبەر وڵاتانی جیهانی، هەرچەند بە شێوەیەکی بەربڵاو پەیامە موزیکییەکان زیاتر لەڕووی کولتوور شێوەیان وەرگرتووە و سوودیان لێوەرگیراوە لەلایەن ناوچە سادەکان و وڵاتانی ڕۆژهەڵاتیدا بە پێچەوانەی وڵاتانی ڕۆژئاوا، کێشەی گەورە لەم ناوچانە ئەوەیە جۆر و شێوازی گۆرانی و موزیکەکانییان ڕوون نییە، بەتایبەتی لە دیاری کردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان، زۆر لە تێکستەکانی گۆرانی سەرچاوەکەی دەگەڕێتەوە بۆ کۆنتێکستە کولتووریەکەی و چۆنییەتی بەکارهێنانی کە کاریگەریی  لەسەر پەیوەندی کۆمەڵایەتی هەیە، چونکە بەزمانێکی هاوبەش بۆ تێگەیشتنی تاکەکان داڕێژراوە.

وەزیفەی موزیك وەك ئامرازی پەیوەندیی کۆمەڵایەتی گرنگی خۆی دەبێت کە ئەمانەش هۆیەکن بۆ گواستنەوەی هەستی سۆزداری، یان ئەو شتانەی هاوشێوەی سۆزدارین.

شایەنی باسە، موزیك هاوبەشە وەك چالاکی مرۆیی لە لایەن زۆرینەی زۆری خەڵکدا، ئەمەش بەهۆی هەڵقووڵاوییەکەیەتی لە کولتووره جیا جیاکان و بووەتە ئامرازێکی بەهێز بۆ گفتوگۆکردن لە نێوان تاکەکان. بۆیە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنیش گۆرانی و موزیك هەمان پێگەی تێگەیشتن و یارمەتی و شوێنگرێکی گفتوگۆیی بەهێزی وەرگرتووە لەنێوان فێرکەر و فێرخواز هەروەهاش بۆتە ئامرازێك بۆ بەهێزکردنی پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێوان فیرخوازان لەلایەك و مامۆستایانیش لە لاکەی ترەوە، ئەمەش هەنگاوێکی رێخۆشکەرە لە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن بۆ گەیاندنی پەیامی پەروەردە و فێرکردن به شێوەیەکی باشتر و گونجاو تر.

گۆرانی و موزیک بۆ کۆنترۆڵ کردنی لایەنە کۆمەڵایەتییەکان رۆلێکی گرنگ دەگێرن، چونکە گۆرانی و موزیک وەك بەشێك لە کولتوور لەرووی کۆمەڵایەتییەوە دەتوانن ببنە وەزیفەی فشار بۆ گونجاندنی تاک بە گشتی لەگەڵ فۆرمەکانی کۆمەڵگا، گۆرانی و موزیک لە رێگەی ئاگادارکردنەوەی راستەوخۆی هەڵەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا بوونیادی ناراستەوخۆی رەفتاری گونجاوی تاکەکانی کۆمەڵگا ئەخەنە ئەستۆی خۆیان. بۆنموونە لەکاتی رێورەسمی ئاراستەکرن و ئامۆژگاری کردن، کاتێ کە ئەندامانی کۆمەڵگا بە شێوەیەکی تایبەت ئامۆژگاری دەکرێن کەچ رەفتارێك گونجاوە و چی نەگونجاوە، زۆرێك لەو گۆرانیانەی لەرووی پەروەدەییەوە بەرهەم هاتوونە هۆشداری دەدەن سەبارەت بەشتی راست و دروست و پێچەوانەکانی. بۆیە لایەنی کۆمەڵایەتی بە یەکێك لە وەزیفە سەرەکییەکانی گۆرانی و موزیك هەژمارکراون، چونکە دەبن بە مایەی فشار و کاریگەریی لەسەر تاکەکان و هەرزەکاران دروست دەکات بۆ خۆگونجاندنیان لەگەڵ فۆرمە رێپێدراوە کۆمەڵایەتییەکانی نێو کۆمەڵگادا.

گۆرانی و موزیك لەرووی وەزیفەی کۆمەڵایەتی رەنگە وەزیفەی شەرعیەتی دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و رێورەسمی ئایینیشی هەبێت. لە کاتێك دا گۆرانی و موزیك بەکاردێ لە بارودۆخە کۆمەڵایەتی و ئایینییەکاندا، لەوانەی موزیك رۆڵی هەبێت لە شەرعیەت پێ دانی ئەم دامەزراوانە و رێورەسمانەدا.

وەزیفەی یەکەمی گۆرانی و موزیك بۆ پاراستنی سستەمەو بۆ ڕێکخستنی سمبۆلەکانی ڕێوڕەسمەکانە. ئالان مریام ئاماژە بە (بورووس)* (١٩٥٠) دەکات کە دەڵێ: (یەکێك لە وەزیفەکانی گۆرانی لەناو (توامۆتۆس)* گواستنەوەی ووزەی سحریە لە ریگەی گۆرانییە ئایینییەکاندا)، لە کۆمەڵگای ئیسلامیدا لەکاتی خوێندنی ئایەتەکانی قورئانی پیرۆز تاکە کەس واز لەتەم و مژ دێنێ بۆ شەرعیەت دان بەسیستەمی کۆمەڵایەتی کە ڕێزگرتنە لەکاتی قورئان خوێندن و سیستەمە ئایینییەکان.

وەزیفەیەکی تری کۆمەڵایەتی موزیك، وەزیفەی (بەشداریکردنە لە بەردەوامی و سەقامگیریی کولتووری) هەروەك لەسەرەوە ئاماژەمان پێداوە، موزیك کۆمەڵێك وەزیفەی کۆمەڵایەتی پێشکەش دەکات، وەك گوزارشت کردن لە سۆزداری و چێژی جوانی و خۆشگوزەرانی، هەروەها کاردانەوەی فیزیکی هەیە و گونجاندن لە فۆرمی کۆمەڵایەتی بەهیز دەکات، شەرعیەت دەدات بە دامەزراوە کۆمەڵایەتییەکان و ڕێوڕەسمە ئایینییەکان، ڕوون و ئاشکرایە گۆرانی و موزیک بەشداری لە بەردەوامی و سەقامگیریی کولتووری و کۆمەڵایەتی دەکەن. بەو واتایەی لەوانەیە بەشدارییەکەی کەمتر نەبێت لە لایەنەکانی تری کولتووری. ئێمە لەوانەیە وەزیفە بەکاربێنین لە مانایەکی سنووورداری ژەنینی بەشێك لە ئاواز و ئامێرە موزیکیەکاندا. لە هەمان کات زۆر لە توخمەکانی تری کولتوور هەلی زۆریان نییە بۆ دەربڕینی هەست و سۆز و خۆش گوزەرانی و پەیوەندی کۆمەڵایەتی، بەڵام ئەبینین گۆرانی و موزیك بە زۆری کردوویانە. هەروەها گۆرانی و موزیك لە چوارچیوەی چالاکی بۆ دەربڕینی بەهاکان و ماناکان سایکۆلۆجی کولتووری پیشانداوە میکانیزمەکانی پارێزگاری کردنە لەم چالاکییە کولتووریانەی تر کەلە دەورو بەریدان. بەم واتایەی بەشداری لە وەزیفە دەکات لەگەڵ کەسانی تر لە هونەرەکان. ڕێرەوی مێژوو، ئەفسانە، داستانەکان، بەڵگەیەکن بۆ بەردەوامی کولتوور لە ڕێگەی گواستنەوەی پەروەردە و کۆنترۆل کردنی هەڵە و لادانەکانی ئەندامانی کۆمەڵگا و جەخت کردنە سەر ئەوەی چی ڕاستە و چی هەڵەیە، ئەمەش بەشداری کردنە بۆ کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی و سەقامگیریی کۆمەڵگا. بوونی کولتوور بەم شێوەیەی کە چالاکی گۆرانی و موزیک لەگەڵی دایە ئەندامانی کۆمەڵگا دڵنیادەکاتەوە کە جیهان

* بورووس (Borûs / Chorus) لە موزیکدا، بورووس بەشێکە لە گۆرانی یان کارێکی موزیکی کە لە دووبارە بوونەوەدا دەهێنرێت و زۆرجار گرنگترین و ناسراوترین بەشی گۆرانییەکەیە.
* توامۆتۆس (Tomatos / Towamotos) لە زمانی ئەکادیمی و فەلسەفیی هونەر و موزیکدا، توامۆتۆس زۆرجار وەک ووشەیەک بەکاردێت بۆ سروشتی دەنگ، ڕەنگی دەنگ و جیاوازیی تایبەتیی دەنگ.

بەردەوامە و بەگونجاوی تێدەپەڕێت و نیشانی دەدات کە وەك میکانیزمێکی کولتووری، موزیك نزیك بکات بە هەموو لایەنێکی بوارەکانی ژیانی مرۆڤ.

بەشێوەیەکی سەرەکی وەزیفەکانی موزیك میکانیزمێکی کولتوورین، ئامرازێکن بۆ فێربوونی بوارەکانی کولتوور و پەروەردە. مرۆڤی سەرەتایی (Aboriginal) لە ماوەی ژیانیدا بە زۆرێك لە ڕووداوەکانی موزیکی دەوردراوە کە تیایاندا ئامۆژگاری تاك دەکرێت دەربارەی ژینگە سروشتییەکەی هەروەها سوود وەرگرتنی لەلایەن مرۆڤەوە فێری تێڕوانینی دونیایی دەکات و شێوەیەك دەبەخشێ بە سیستەمی بەهاکانی، وەزیفەکانی گۆرانی و موزیك دووبارە تێگەیشتنی مرۆڤی سەرەتایی بەهێزدەکات دەربارەی چەمکەکانی پێگەو ڕۆڵ. بەتایبەتی دروشمی ئەندامیەتی بۆ تیرە و هۆزەکەی هەروەها شەرعیەتی سیستەمی باوەڕی ئایینی وەك سمبۆڵەکانی پێگە لە بەردەوامبوونی پلەوپایەدا.

هەروەها جۆرەکانی تر بەکاردێ بۆ بەرزبوونەوەی هەست و سۆزی تاك لەکاتی کەش و هەوای بەڕێوەچوونی ڕیتواڵەکان، ئەمانەش جۆرێکن لە میکانیزمی کۆنتڕۆڵی کۆمەڵایەتی لە ڕێگەی ئامرازەکانی سەرووی سروشتییەوە، هەرچی بەشەکانی ڕووداوە سروشتییەکانە بە پێچەوانەوە کۆنترۆڵ ناکرێن. هەروەها هەندێ جۆری گۆرانی دەرچەیەك دێنێتە ئاراوە بۆ داهێنانی تاك لەکاتێکا زۆربەی بەکاردێت بۆ زاڵ بوون بەئاسانی بەسەر کێشەکانی دەروونی و خەمۆکی و دڵەڕاوکێ. لەهەموو حاڵەتێکدا وەزیفەی بەکولتووربوونی موزیك یارمەتیدەرە بۆ فۆرمەڵەکردنی کەسایەتی کۆمەڵایەتی مرۆڤی سەرەتایی لای نموونەی کولتووری کۆمەڵگا سەرەتاییەکان.

وەزیفەیەکی تری کۆمەڵایەتی کە پێویستە گرنگی پێ بدرێت وەزیفەی (بەشداری گونجانە) لەگەڵ کۆمەڵگا، بەو واتایەی کە ئێمە وەزیفەی موزیك وا چاوەروان دەکەین کە ڕوونە بۆ دابین کردنی خاڵی هاوکاریکردن بۆ یەککگرتنی ئەندامانی کۆمەڵگا و خۆگونجاندنیان لەگەڵ بەهاو فۆڕمەکانی بۆ دەستەبەرکردنی خود هەروەک تاکێکی ئەم کۆمەڵگایە. بۆیە یەکێك لە وەزیفەکانی تری کۆمەلایەتی موزیك لە ڕاستیدا بۆ گونجاندنی تاکە لەگەڵ کۆمەڵگاکەی هەروەک دروستبوونی ئەو قەناعەتەیە لایان بەوەی بەشداری هەندێ شتیان کردووە بۆ دڵنیابوون لەوەی کەسەر بەهەمان خێزانن، تادڵنیابن کەسەر بەهەمان گرووپن و بەشدارییان لەهەمان بەهای وەك یەك، هەروەها هەمان شێوازی ژیان هەیە، گرووپەکە پارێزگاری لە فۆرمی هونەری هاوشێوە دەکات،  هەر لە بەرئەوە موزیك هاوکاری و ئینتمای خێڵەکی دووبارە نوێ دەکاتەوە.

لەم بارەیەوە رادکلیف براون* ، جەخت دەکاتە سەر وەزیفەی گونجانی کۆمەڵایەتی لە کاتی سەمای هۆزی ئەندەمانەکان ( Andamanese dance)، سەمای ئەندەمانەکان کە گۆرانی لەگەڵ دایە، بۆیە لەوانەیە وەسف بکرێت وەك چالاكییەك كە تیایدا پشت بەستە بە کاریگەرییەکانی ڕیتم و میلۆدی، هەموو ئەندامانی کۆمەڵگا دەتوانن بە شێوەیەکی گونجاو هاوکاری یەکتر بکەن وبە یەکگرتوویی کاربکەن. ئەم خۆشییەی کەسەماکار هەستی پێدەکات و خۆی نمایش دەکات لە هەموو شتێك زیاتر لە دەوروبەری پڕ بلیمەتی و خۆدەرخستنە بەرامبەر هەواداران و هاوڕێکانی، هەروەک لەشایی و ڕەشبەڵەکەکانی نێو کۆمەڵگای کوردەواری هەمان شت بوونیان هەیە. جۆرێک لەدەربڕینی خۆشی کۆمەڵە هەستێکی زۆر فراوانە بۆیە بەم رێگایە سەما دۆخێك بەرهەم دێت کە تیایدا یەککگرتن و هارمۆنی و هاو ئاهەنگی نێوان تاکەکانی گرووپی کۆمەڵایەتی لە بەرزترین ئاستدایە و بەزەقی لەلایەن هەموو ئەندامەکانەوە هەستی پێ دەکرێت.

بەرهەم هێنانی ئەم دۆخە کە وەزیفەی سەرەکی سەما و خۆش گوزەرانی و تەندروستی باشە. بوونی کۆمەڵگای هاوسەنگ و سەقامگیر و خۆش گوزەرانیش پشت بەستە بە یەککگرتن و هاوئاهەنگی نێوان ئەندامەکان. سەما کە بە چڕی هەستی پێ دەکرێت ئامرازێکە بۆ پارێزگاری کردنی ئەودۆخە تەندروستە. سەماکردن دەرفەتێك دەڕەخسێنێ بۆ کردەوەیەکی ڕاستەوخۆی کۆمەڵگا سەبارەت بەتاك، دەردەکەوێ هەستی تاك گوزارشت دەکرێ کەتیایدا هەماهەنگی کۆمەڵایەتی بەردەوام دەبێت و پاریزراو دەبێت. کەواتە موزیك خاڵێکی خولا و پێشکەش دەکات لەم دەوروبەرە کە ئەندامانی کۆمەڵگا کۆدەبنەوە بۆ سەرقاڵبوون لە چالاکییەکاندا پێویستی بەهاوکاری و هەماهەنگی گرووپەکە هەیە.

* رادکلیف براون (A. R. Radcliffe-Brown) ئەنترۆپۆلۆگ و زانای کۆمەڵناسییەکی بەریتانییە، لە ساڵی ١٨٨١ لەدایکبوو و لە ١٩٥٥ کۆچی دوایی کرد. رادکلیف براون یەکێکە لە دامەزرێنەرانی تیۆریای ساختاری–کارکردنی (Structural Functionalism) لە ئەنترۆپۆلۆجیی کۆمەڵایەتی. باوەڕی ئەو بوو کە: کۆمەڵگا وەک سیستەمێکی یەکگرتوو کاردەکات، هەر دامەزراوە و ڕێوشوێنێک (خێزان، ئایین، یاسا، هۆنەر...) ئەرکێکی دیاریکراوی هەیە بۆ پاراستنی سەقامگیری کۆمەڵگا.

لێرەدا پێویستە ئاماژە بەم ڕاستیە بکرێت کە هەموو موزیکێك ئەدا ناکرێت، بەڵام هەر کۆمەڵگایەك دەرفەتی هەیە جۆرێك لە موزیك ئەدا بکات بۆ کۆبوونەوە و ڕاکێشانی ئەندامانی و بیرهێنانەوەیان بۆ یەککگرتن. ئەگەری زۆرە ئەم کۆمەڵە وەزیفەی موزیك پێویستی بە چڕبوونەوە و فراوانبوونەوە هەبێ، بەڵام بە گشتی ڕۆڵی موزیك لە کولتووری مرۆیی زۆر ڕێک و پوخت دەبیندرێت، ڕوون و ئاشکراشە مرۆڤ دەستبەرداری گۆرانی و موزیك نابێت کە بەشدارە لە ئەنجام دانی زۆرینەی چالاکی گونجاو، کە ڕۆڵی گرنگی لە بیناکردنی کۆمەڵگا هەیە.

لێرەدا ئێرنست کایزەر، زۆرێک لە تیۆرییە جیاوازەکانی سروشتی هونەری ڕەتدەکاتەوە، ڕەگ و بنەچەی هونەریشی گەڕاندۆتەوە بۆ بۆچوونەکانی (ئەرستۆ) کە پێی وایە هونەر بەشیوەیەکی بنەڕەتی لاسایی کردنەوەیە، واتە لای کایزەر (Cassir ) وەزیفەی بنەرەتی هونەر لاسایی کردنەوەیە. ئامانجیشی بۆ ئەم بۆچوونە ئەوەیە کە ئەگەر هەموو جوانییەك ڕاستی بێت، ئەوا هەموو ڕاستییەك بەزەرووەرەت جوان نییە. ئنجا بۆ ئەوەی بگەیت بە بەرزترین بەهای جوانی، تەنیا ئەوە جەوهەرییە کە لە سروشت لابدەیت بۆ دووبارە بەرهەم هێنانەوەی سروشت، بۆیە کایزەر لەپێناسەی هونەردا دەڵێت (هونەر پێناسەی زمانی سمبولە (هێما).

لەلایەکی تر کایزەر پشت بەستە بە بۆچوونی ڕۆسۆ و گۆتێ، کە پێیان وایە هونەر تایبەتمەند و خاسیەت دارە، ئەمە زیادەڕۆیی سۆزدارییە کە شێوەی گرتووە بۆ ناو هەموو وەزیفەکان، بەشەکانیان گوزارشت لە هەستی تاك دەکەن، کایزەر پێی وایە ئەوە نابێتە دووبارە بەرهەم هێنانەوەی شاکاری شتەکان، وەك ئەو بۆچوونەی کە هونەر بەلاسایی کردنەوە دادەنرێت. بەڵام زیاتر دەبێتە دووبارە بەرهەم هاتنی ناوەوەی ژیانمان و کاریگەرییەکانمان و سۆزدارییەکانمان. ئەم دەڵێت هونەر زۆر لەمە زیاترە هەروەك بە کاریگەریی تیۆری چێژ وەرگرتن وەسف کراوە، یا پێیان وایە هونەر تەنیا بوونی هەیە بۆ چێژ وەرگرتن، ئەمە لەکاتێك دایە کایزەر کۆکە لەسەر ئەوەی چێژ بەشێکە لەهونەر، گۆرانی و موزیکیش بەشەکەی ترن لە چێژی هونەری.

## ٢-٣-٥ ئاراستەی کولتووری مەعریفی

سەرەتا بەرلەمەی باس لە ڕۆڵ و گرنگی موزیک و گۆرانی لە بوونیادنانی کەسایەتی تاک بکەین، پێویستە بگەڕێینەوە سەر ڕێرەوی مێژوویی و تیۆریی ئەنترۆپۆلۆجیا و پەیوەندی بە پرۆسەی پەروەردە و فێرکردن، کە ڕەنگە ڕەگ و ڕیشەکەی زیاتر بگەڕێتەوە بۆ چارەگی یەکەمی سەدەی بیستەم کە لە ئەمەریکا لە چوارچێوەی ئەنترۆپۆلۆجیای کولتووری سەریهەڵداوە. مارگریت مید، بە یەکێک لە پیشەنگەکانی ئەنترۆپۆلۆجییە ئەمریکییە کولتوورییەکان دادەنرێ کە سەر بە قوتابخانەیەکی کولتوورییە و گرنگییەکی زۆریان بە کەسایەتی و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی کولتوور دەدا. پاشان روت بەنەدیکت (١٨٧٧- ١٩٤٨) کە زانایەکی تری ئنترۆپۆلوجیە و قوتابی مارگریت میدە و بە یەکێک لە پێشەنگەکانی تری ئەم قوتابخانەیە دادەنرێ، گرنگی زۆری بە لێکۆلینەوە لەسەر هەڵسوکەوتە جیاوازەکانی تاک لە کۆمەڵگا جیاوازەکان لە بواری پەروەردە دا، توێژینەوەکانی ڕوت لە بواری پەروەردە بە دید و تێڕوانینی ئەنترۆپۆلۆجی لە پێناو دەرخستنی ئەم ڕاستییە کولتوورییە جیاوازانە بوون کە کەسایەتی جیاوازیان بەرهەم دەهێنا.

دوای ئەوەی زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا لە سەرەتای سەدەی بیستەم پێشکەوتنێکی بەرچاوی بەخۆوە بینی و چەند لقێکی جیاواز لە ئەنترۆپۆلۆجیا سەری هەڵدا، ئەنترۆپۆلۆجیای دەروونیش یەکێک بوو لەم لقانە، هەمیشە هەوڵی ناسینی کەسایەتی مرۆڤی دەدا لە هەریەک لە گۆشەنیگای کولتووری، دەروونی، کۆمەڵایەتی. ئەم لقە لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوو بە شێوەیەک پێشکەوتنی بەخۆوە بینی کە وێنەی کەم بوو، جیاوازییەکەی دەگەڕایەوە بۆ جۆری توێژینەوەکانی کە زۆربەیان لە بواری کولتوور و کەسایەتی دابوون، بۆیە هەندێ کەس ناوی دەبەن بە کولتوور و کەسایەتی ( cultural and personality). یەکێک لە بابەتە گرنگەکانی ئەم لقە، گرنگی دان بوو بە چەمکەکان لە مانەش چەمکی بە کۆمەڵایەتی بوون (Socialization) کە تیشک دەخاتە سەر چۆنییەتی گەشەکردنی کۆمەڵایەتی تاکەکەس لە کۆمەڵگا هەر لە سەرەتای ژیانی تاک تا قۆناغی کامڵ بوون، کە چۆن ئەو ژینگەیەی کە تاک تیایدا پەروەردە دەبێت کاریگەریی هەیە لەسەر وەرگرتنی ئەم بەها کۆمەڵایەتییانەی کە زاڵە بەسەر دروستبوونی کەسایەتی تاک و قۆناغەکانی گەشەسەندنی کەسایەتییەکەی لەکاتی لەدایک بوونییەوە تا گەیشتنی بە قۆناغی کامڵ بوون.

کرادنەر، کە بە یەکێک لە باشترین ئەم زانایانە هەژمارئەکرێت کە گرنگی دا بە لێکۆڵینەوەی ڕۆڵی فاکتەرەکانی دەروونی لەسەر دروستکردنی کەسایەتی و جەختی لەسەر کاریگەریی سیستەمە کولتووریە زاڵەکان لە ناو کۆمەڵگا دەکردەوە بە تایبەتی ئەزموونی کۆمەڵایەتی ناو خێزان لە ماوەی پرۆسەی گەشەسەندنی کۆمەڵایەتی، ڕۆڵێکی سەرەکی لە دروستکردنی جۆرێک لە پێکهاتەی کەسایەتی سەرەکی لای زۆربەی تاکەکانی کۆمەڵگا دەبینێت. کرادنەر لەمیانەی توێژینەوەکانی بەم دەرئەنجامە گەیشت کە هەندێ سیستەمی تایبەت بە پەروەردەی تاک هەیە کاریگەریی لەسەر کەسایەتی تاک هەیە و بەدرێژایی ژیانی لەگەڵیدا دەمێنێتەوە و دەبێتە شێوازێکی کەسایەتی سەرەکی و جێگیر لە ناو کۆمەڵگا.

تیۆری کرادنەر لەلایەک لەسەر ئەو بنەمایە دامەزرا کە کەسایەتی سەرەکی بۆ کۆمەڵگا دروست دەبێت لە ئەنجامی عاداتی پەیڕەوکراو لەلایەن کۆمەڵگا سەبارەت بە شێواز و چۆنییەتی پەروەردەکردن و گەشەکردنی تاک. لەلایەکی تر تیۆرەکەی تیشک دەخاتە سەر پێچەوانەی ئەم کەسایەتییە سەرەکییەی لە کۆمەڵگا دروست بووە، کاریگەریی گەورە دروست دەکات لەسەر سیستەمە کۆمەڵایەتییەکانی وەک ئایین، سیاسی، ئابووری... ، واتە کولتووری زاڵ لە ناو کۆمەڵگا کاریگەریی بەرچاوی لە دروستکردنی کەسایەتی سەرەکی لە قۆناغێک لە قۆناغەکاندا لە ناو کۆمەڵگا هەیە و پاشان ئەم کەسایەتییە بەدەوری خۆی کاردەکاتە سەر کولتووری کۆمەڵگاکانی تر.

ڕۆت بەنەدیکت (Ruth Benedict) جیاواز لە کرادنەر و پەیوەندییەکانی شێوازی کولتووری زاڵی بەخاسیەتەکانی کەسایەتی لە کۆمەڵگای سەرەتایی بەستەوە. ئەم زانایە پێی وابوو کە کاریگەریی کولتوور لەسەر بوونیادنانی کەسایەتی لە کۆمەڵگایەک بۆ کۆمەڵگایەکی تر جیاوازە، هەندێ کولتوور کەسایەتی ئارام دروست دەکات کە دەبێتە مایەی بوونیادنانی کۆمەڵگایەکی ئارام و خۆشگوزەران و سەقامگیر لە کاتێکدا هەندێ کولتوور کەسایەتی توندوتیژ بەرهەم دێنێ کە دەبێتە مایەی بوونیادنانی کۆمەڵگایەکی توندڕەو و تاکڕەو و ململانێ و دووبەرەکی تیایدا باڵادەستە. بەواتای کۆمەڵێک کۆنترۆڵی کۆمەڵایەتی دیاری کراویان لەژێر دەستە کە حوکمی ڕەفتاری تاکەکان دەکەن. ئەم کۆنترۆڵ و نموونانە لە کۆمەڵگایەکەوە بۆ کۆمەڵگایەکی تر گۆڕانکارییان بەسەردا دێت و جیاوازن. لەمیانەی تێگەیشتنی سیگمۆند فرۆید، بۆ کولتوور و لێکۆڵینەوە و شیکردنەوەی کەسایەتی لە کۆمەڵگا سەرەتاییەکان و

جیاوازی لەنێوان پێکهاتە کەسایەتییەکان لە کولتووورە جیاکان و مەعریفەی هەل و مەرجەکانی کەسایەتی و خاسیەتەکانی لە هەریەک لەم کۆمەڵگایانەدا، بۆی دەرکەوت کولتووری زاڵ لەهەر کۆمەڵگایەک لە کۆمەڵگاکاندا کاریگەریی زۆری لەسەر تاکەکانیدا لەڕووی جەستەیی و عەقلی و میزاج و رەوشتی تاکەکاندا هەیە.

فەیلەسووف و زانای ناسراوی جیهانی فرۆید گرنگترین بیرۆکە و تیۆرەکانی بڵاوکردەوە کە بووە بنەمایەک بۆ ئیتنۆموزیکۆلۆجییەکان بە تایبەتی لە چوارچێوەی لێکۆڵینەوە مەیدانییەکان لە کۆمەڵگا تڕادیسیۆنەکان*. کاریگەریی قوتابخانەی فرۆید بە ڕوونی لەسەر بیرو بۆچوونی ڕوت بەنەدیکت لەڕووی پەیوەندی چەپاندنی کولتووری ناهۆشیاری لەلایەک و نەخۆشییەکان و لادانەکانی دەروونی کە لە ناخی ڕەفتاری تاک جێگیر دەبێ لە لایەکی ترەوە دیارە.

کەواتە گۆرانی و موزیک دەتوانرێ وەك توخمێکی گرنگ لە کولتوور سەیر بکرێ سەبارەت بە بوونیادنانی کەسایەتی تاك و بەتایبەتی تاک لە شرۆڤەکردن و لێکدانەوەی ڕەهەندەکانی پرۆسەی پەروەردە و فێرکردندا، ئەگەر پشت بەست بین بە بۆ چوونەکانی ڕوت بەنەدیکت لەسەر بنەمای تیۆرییەکانی فرۆید سەبارەت بە بابەتەکانی کولتوور و کەسایەتی. لەبەر ئەمە پێویستە بە تێڕوانینێکی ئیتنۆموزیکۆلۆجیانە شرۆڤەی ئەم بابەتانە بکەین، لەم بوارەدا ئەنترۆپۆلۆجیای دەروونی بەشدارییەکی گرنگی هەیە لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی پەیوەندی کولتوور بە کێشەکانی دەروونی و ئەو شوێنەوارانەی کە کولتوور لەسەر تاکەکەس جێی دەهێلێ. کولتوور لەوانەیە کەسایەتی ئارام و خۆش گوزەران بەرهەم بێنێ، یاخود هەندێ کولتوور لەوانەیە کەسایەتی نائارام و توندوتیژی کۆمەڵایەتی بەرهەم بێنێ کە دەبیتە هۆی ترس و دڵەڕاوکێ و نامۆیی و نائارامی، لەئاکامدا تاکەکان تووشی چەندین کیشەی دەروونی ودەماری دەکات.

کاتێ کە ئێمە باس لە کولتوور دەکەین یەکێک لە توخمە گرنگەکانی کولتوور هونەری ئەم کۆمەڵگایەیە کە لە چوار چێوەی سیاقی ئەم کولتوورە بەرهەم دێت کە موزیکیش وەک بەشێک لەم هونەرە بەشدارییەکی ڕوون و ئاشکرای لەسەر بوونیادنانی کەسایەتی هەیە، لەبەر ئەمە پێویستە ئاماژە بەو ڕاستییە بکەین کە موزیک و گۆرانی دەتوانن کاریگەریی زۆریان لەسەر

* کۆمەڵگا تڕادیسیۆنەکان یان *کۆمەڵگای نەریت/باو* ئەوانەیەن کە ژیانیان، بیرکردنەوەیان و ڕێکخستنی کۆمەڵایەتیان بە شێوەیەکی زۆر بە نەریت، باوەڕ، عادات و مێراتی کۆن پەیوەستە و گۆڕانکاری تێیدا هێواشە.

بوونیادنانی کەسایەتی ئارام و خۆش گوزەران هەبێت، هەست و درک پێکردنی تاک بە جۆرێک بووروژێندرێت لەبەرژەوەندی و خزمەتی کۆمەڵگا دابێت و سوودبەخش بێت بۆ سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگا، لەهەمان کاتدا موزیک و گۆرانی دەتوانێ ڕۆلی باش و کارا لە دروستکردنی کەساکەیەتی نیشتیمان پەروەر و ئینتمای بەرزی نیشتمانی لەڕیگای هەست و درک پێکردنی تاکەکەس بگێری.

یەکێکی تر لە توخمە گرنگەکانی کولتوور کە ڕۆڵی سەرەکی ئەبینێ لە بوونیادنانی کەسایەتی تاک لە کۆمەڵگا چەمکی مەعریفەیە هەروەک چۆن لە سۆسیۆلۆجیای مەعریفە ئەم چەمکە وەک دیاردەی کۆمەڵایەتی وەک مەعریفە لەقەڵەم دەدرێ بەمانا ئینگلیزیەکەشی واتای (knowledge) دەگەیەنێ و بەپرۆسەیەکی تاکە کەسی بەرهەم دێت لە دەورو بەرەوە دەگوازرێتەوە بۆ مرۆڤ، واتە لە ژینگەی سروشتی و کۆمەڵایەتی کە مرۆڤ تیایدا دەژیت بەرێگەی ئامرازەکانی هەستیاری لەشی مرۆڤ (چاو، دەم، لووت، گوێ، دەست) وێنایەک لە مێشک دروست دەبێت بۆ ئەم واقیعەی لە دەوروبەری درکی پێدەکات. ئەم پرۆسەیە کاریگەریی خۆی لە بوونیادنانی کەسایەتی تاکەکەس دەنوێنێ، لەبەر ئەمە لێرەدا پێویستە لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیای مەعریفە دا هەڵوەستە لەسەر لێکدانەوەی پرۆسەی مەعریفە ی کولتووری، هەروەها چۆنییەتی گواستنەوەی مەعریفە بۆ مێشکی تاکەکەس و بوونیادنانی کەسایەتی قۆناغەکانی مرۆڤ هەر لە سەرەتاوە تا قۆناغی کامڵ بوون بکرێت.

لەڕوانگەی ئیتنۆموزیکۆلۆجیاوە پرسی پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی و بە کولتووربوونی تاک دیتە بەرباس بۆ گفتوگۆکردنی ئەم پرۆسەی پەروەردە و فێرکردنە گرنگی تایبەتی خۆی هەیە. مەعریفەی هەرەمەکی، یان گشتی فاکتەری سەرەکی و بنەڕەتییە مرۆڤ دەکات بە بوونەوەرێکی کۆمەڵایەتی لەلایەن یەکەمین دەزگای کۆمەڵایەتی کە ئەویش خێزانە، ئەگەرچی دەزگای تریش هەیە وەکو خزمایەتی و هاورێیەتی و قوتابخانە و دام و دەزگا ئایینییەکانیش بەشداری باش لەم پرۆسەیەی کە ناسراوە بە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی (Socialization) تاکە کەسی لەکۆمەڵگادا دەکەن.

مەعریفەی کۆمەڵایەتی بەرپرسە لە بوونیادنانی جۆرێک لە کەسایەتی و ڕۆڵێکی بنەڕەتی بۆ پاراستنی سیستەمە کۆمەڵایەتییەکان لە کۆمەڵگادا دەبێت. لە ڕاستیدا مەعریفەی هەڕەمەکی لە کەسایەتی هەموو تاکە کەسێک دا بوونی هەیە کە نادیار و هەست پێنەکراوە، هەروەها بووەتە بەشێکی دانەبڕاو لە کولتووری کۆمەڵگا و لەهەمان کاتدا تێکەڵی جۆرەکانی تری مەعریفە بووە لە مانەش مەعریفەی زانستی، فەلسەفی، ئایینی. بۆیە کاتێ باس لە پەیوەندی کولتوور و مەعریفە دەکەین گۆرانی و موزیکیش دەتوانێ جێگای خۆی بکاتەوە لە بەشداری کردن لە پێگەیاندنی کۆمەڵایەتی تاکەکەس و بەکۆمەڵایەتی بوونی تاک لە قۆناغە جیاوازەکاندا لە ڕێگەی پرۆسەی مەعریفە دا ئەم وەزیفەیە جێبەجێ دەکات، ئینجا ئەم مەعریفیە هەڕەمەکیانە بێت یان جۆرەکانی تری مەعریفە .

کەوتنە چەمکی مەعریفەی پشت بەستە بەچەمکی ئیدراك بۆ وەرگرتنی شتەکان لە دەوروبەر و جێگیرکردنی لە مێشکی مرۆڤدا، بۆیە درک پێکردن بە پرۆسەیەکی بایۆلۆجی و سایکۆلۆجی دادەنرێ کە پەیوەستە بەلایەنی وروژینەر و کارتێکەر بۆ لێکدانەوەی دەرئەنجامەکانی وەلامدانەوە بەرامبەر جیهانی دەرەوەی تاکەکەس.

باسکردن لە بابەتی مەعریفە و درک پێکردن لە هەریەک لە زانستی ئیتنۆموزیکۆلۆجیا و ئەنترۆپۆلۆجیا و دەروونناسی هاوبەشن. زانستی ئەنترۆپۆلۆجیا سەیری پرۆسەی درک پێکردن دەکات لەژێر ڕۆشنایی تیۆری ڕێژەیی کولتووری کە ڕۆڵێکی کاریگەریی هەبووە بۆ لێکدانەوەی پرۆسەی درک پێکردن. زانایانی ئیتنۆموزیکۆلۆجیا جەخت لەوە دەکەن کە پرۆسەی درک پێکردن لە گرووپێک بۆ گرووپێکی کولتووری جیاوازە کە دیدی جیاوازیان بۆ لێکدانەوە و تەفسیرکردنی جیهانی دەورووبەریان. بەواتایەکی تر چۆنییەتی درکپێکردنی مرۆڤ جیاوازە بەرانبەر بە ڕووداوەکانی سروشتی و گەردوونی کە ڕوو دەدەن هەیە. ئەم چالاکییانەی کە پەیوەستن بەژیانی تاکەکانی ئەم گرووپە کولتووریە یاخود ئێتنیکیە، ئەمەش لەرێگای ئەزموونی کۆمەڵایەتی کولتووری دەبێت کە مرۆڤ لە ژیانیدا تێدەپەڕێ. بۆیە لەواقیعدا درک پێکردن و مەعریفە دوو چەمکن کە پەیوەستن بە دەروونناسی مەعریفە و ئیتنۆموزیکۆلۆجیای مەعریفە.

ئەگەر سەیری توێژینەوەکانی زانستی سەبارەت بە پەیوەندی نێوان وانەکانی موزیکی و ڕاهێنانەکانی موزیکی لەگەڵ تواناکانی مەعریفی و زیرەکی و تواناکانی کرداری و تواناکانی مێشکی و ماتماتیکی بکەین، ئەبینین کە دەرکەوتوە وانەکانی موزیك و خوێندنی لای تاکەکان کاریگەری خێراتر و خۆشەویست ترە و بۆچوونێکی ئەرێنی لەسەر لایەنەکانی مەعریفیدا زیاد دەکات.

هەروەها کاتێک سەیری پەروەردەی موزیکی بکەین لە ڕوانگەی ئیتنۆموزیکۆلۆجیاوە بیبەستینەوە بە ڕاهێنانەکانی ئۆرف، کرۆز، کۆدای، سوزیکی لە پرۆگرامەکانی موزیکی تایبەت هەروەك فوجیۆکا لە (٢٠٠٦) ئەو بنەمایانە دەخاتەڕوو کە پەیوەستە بە لایەنەکانی مەعریفی و ڕەفتاری و درک پێکردنی، پشت بەستوو بە پرۆگرامی سوزیکی پێی وایە ئەم پرۆگرامە پێویستە لەلایەن مامۆستایەکی خاوەن بروانامە بە ڕێکخراوەیی کتێبەکانی پرۆگرامی سوزوکی پیش کەش بکرێت. هەروەها دەبێت ئەم پرۆگرامە گرنگی بەو تاکەکانە بدات بۆ تۆمارکردن لە ڕاهێنانەکە لە ڕووی ڕەفتاریەوە بەهرەداران ئەم تاکەکانە بەلاوە بنێت کە بەگوێرەی بەهرەی پیشنیازکراوی موزیکی هەلبژاردراون. هەروەها بەشداری کردنی دایك و باوك لە بەکارهێنانی ئەم میتۆدە ئەو گریمانە پێشکەش دەکات کە تاکەکان لە پرۆگرامەکە پاڵپشتییەکی هاوشێوەیان هەیە لەلایەن خێزان و هاوڕێکانیان سەرەڕای پێشکەوتنیان لە ڕاهێنانە کردارییەکانیان دا. جگە لەمە ڕاهێنان لەسەر خوێندنەوەی نۆتەکانی موزیکی لە پرۆگرامەکەدا کاریگەریی باشی هەیە لەسەر گۆرانکارییەکانی هەستی مۆتۆری تاکەکە کەڕاهێنانەکانی مێشکی زانستی دەماری و ڕەفتاری لەخۆ دەگرێت.

بە گشتی لەبەر ئەمانە ڕەخساندنی ئەم ژینگەیەی کە پەیوەستە بە دایك و باوك و خێزان ڕۆڵێکی گرنگی لە پاڵ پشتییەکی کۆمەڵایەتی و دەروونی بۆ تاکەکان هەیە، ئەمەش دەبێتە مایەی دروستبوونی متمانە بەخۆبوون و ئارامی دەروونی لای تاکەکان و سەرکەوتنی پرۆسەی پەروەردە و فێردن و دەوڵەمەند بوونی مەعریفەی مرۆڤایەتی بە شێوەیەکی گشتی کەڕەهەندی سەرەکی پێشکەوتنی کۆمەڵگا و نیشتیمان و داهێنانە لەنیشتمان.

# سیڤی ئەکادیمی



زانیاری کەسی
ناوی تەواو: چیایی کمال سعدی
پۆستی ئەکادیمی: پرۆفسیۆری یاریدەدەر
ئیمەیڵی زانکۆ: chiey.saddi@su.edu.ked
مۆبایل:٠٠٩٦٤٧٧٠٤٤٨٤٥٥٧

قۆناغەکانی خوێندن:

- ١٩٨٨ تا ١٩٩٤ خوێندنی سەرەتایی لە قوتابخانەی حەپسەخانی نەقیب تەواوکردووە
- ١٩٩٤ تا ١٩٩٦ خوندنی ناوەندی لە دواناوەندی قەندیلی کوران تەواوکردووە
- ١٩٩٦ تا ٢٠٠٠ پەیمانگای هونەرە جوانەکان بەشی موزیک تەواوکردووە
- ٢٠٠٤ تا ٢٠٠٨ کۆلیژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیکی تەواوکردووە
- ٢٠١١ تا ٢٠١٣ خوێندنی باڵا ماجستێری لە بەشی موزیکی زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە
- ٢٠٢٠ تا ٢٠٢٣ خوێندنی باڵا دکتۆرای لە بەشی موزیکی زانکۆی سەڵاحەدین کۆلێژی هونەر تەواوکردووە

شوێنی کار:

- ٢٠٠٠-٢٠٠١ لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی تێکەڵاو لە قەزای خەبات دامەوراوە
- ٢٠٠٨-٢٠٠٩ لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان وەک بڕیاردەری بەشی موزیک دەست بەکار بووە
- ٢٠١٠ تا ئێستا لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەردەوامە لە ڕاژەکەی

خول و بڕوانامەکان:

- ٢٠١١ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١١ بڕوانامەی ئایتی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ خوێندنی ماجستێر
- ٢٠١٣ بڕوانامەی وانەوتنەوەی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە
- ٢٠٢٢ بڕوانامەی زمانەوانی لە زانکۆی سەلاحەددین بەدەست هێناوە بۆ جاری دووەم بەمەبەستی خوێندنی دکتۆرا

ئەزموونی وانەوتنەوە:

- ١٩٩٧-١٩٩٨ وانەبێژ لە چالاکی قوتابخانەکان بەشی موزیک
- ١٩٩٨-١٩٩٩ وانەبێژ لە پەیمانگای پێگەیاندنی مامۆستایان لە هەولێر
- ١٩٩٩-٢٠٠٠ وانەبێژ لە ڕێکخراوی یونسکۆ بۆ بواری موزیک
- ٢٠٠١-٢٠٠٢ مامۆستا لە قوتابخانەی ڕێبەری سەرەتایی

ـ ٢٠٠٨ـ٢٠٠٩ مامۆستا لە پەیمانگای هونەرە جوانەکان
ـ ٢٠٢١ـ٢٠٢٣ وانەبێژ بووە لە زانکۆی ڕاپەڕین کۆلێژی بنیاد بەشی باخچەی ساوایان
ـ ٢٠٢٤ـ٢٠٢٥ ئەندامی دەستەی دامەزرێنەری کۆلێژی هونەر بەشی موزیک بووە لە زانکۆی دهۆک و بەردەوامە لەوانەبێژی تیایدا.
ـ ٢٠١٠ تا ئێستا ستافی ئەکادیمی و مامۆستا بووە لە کۆلێژی هونەرە جوانەکان بەشی موزیک
توێژینەوە و بڵاوکردنەوە

- https://journal.uor.edu.krd/index.php/JUR/article/view/١٩٨٠/١٠٩٧
- کێشەی ناونانی زاراوەکانی بەکارهێنەر لە موزیکیی ڕۆژهەڵاتیدا لە گۆڤاری ئەکادیمیای کوردی ژمارە ٦٢ـ ٢٠٢٥
- ڕۆڵ و پێگەی ڕیتم و میلۆدی گۆرانی کەلەپووری لە موزیکی ئەورووپای ڕۆژئاوادا لە گۆڤاری زانکۆی سەلاحەدین ٢٠٢٥
- The main principles of song and music and their relationship to children's literature and the foundation of children's kowledge in education and Teaching
- Use of Kurdish poem, melody and songs in funeral and condolence ceremonies
- گرنگی داتاشراوە دێرینە کان لە پێگە ی گۆرانی و موزیکی ڕۆژهە ڵاتی ناوەڕاست
- کاریگەری موزیکی ڕاستەوخۆ لەسەر ئاستی هۆشیاری گەنجان
- سەرەتای سەرهەڵدانی بزاڤی هونەری لەشاری کۆیە ( باب سەردار ) بەنموونە
- استخدام الشعر و اللحن و الاغاني الكوردية لترنيمة جنائزي الحزينة في مراسيم الفاتحة و العزاء
- المبادء الاساسية لتربية علم كونترابنط لتاليف الموسيقى الشرقية
- بەکارهێنانی شیعر و ئاواز و گۆرانی لەشین و لاوانەوەدا
- تێڕوانینی قوتابخانەی سوڵتان کۆدای لەبواری گۆرانی و موزیک لە پەروەردە و فێرکردندا
- سە رە تایە کی میژوویی بو کورانی و موزیکی کوردی

- فرقة باواجي الموسيقية و دورها في الحفاظ على تراث الشعبى لمنطقة كويسنجق
- كاريكةرى موزيك لةسةر ئاستى زيرةكى قوتابيانى زانكوى صلاح الدين هةولير
- ڕۆڵی گۆرانی و موزیک لوپرۆسەی پەروەردە و فێرکردن لەڕوانگەی ئەنترۆپۆلۆجیاوە

کۆنفرانس و خولەکان

- بەشداری لە دووەم کۆنفرانسی نێودەوڵەتی زانکۆی دیالا کردووە بە توێژینەوەی زانستی لەژێر ناونیشانی (بالتربية والفنون ترتقي اجيال الغد) لە ٢٤-٢٦-٥-٢٠٢٢

ئەندامیەتەکان

- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی عیراقی
- ئەندامی کارای سەندیکای هونەرمەندانی کوردستان
- ئەندامی کارای ژوری بازرگانی کوردستان
- سەرۆکی ڕێکخراوی پاراستنی مافی هونەرمەندانی کوردستان
- سەرۆکی تیپی موزیکی نەورۆز بۆ موزیکی سونەتی

ئەکاونتی تۆڕە کۆمەڵایەتییە پیشەییەکان:

- https://academics.su.edu.krd/profile-admin/index.php?p=research-register
- https://www.researchgate.net/profile/Chiey-Kamal
- https://scholar.google.com/citations?user=LTLUsooAAAAJ&hl=ar-
- https://orcid.org/٠٠٠٩-٠٠٠٧-٤١٨٠-٥٢٣٤

**مافی چاپ و بڵاوکردنەوە پارێزراوە**
**© پ.ی.د. چیایی کمال سعدی**